گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 4 2024
ID No. 1823(PP 180-197)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.4.10

توێژینەوە

# ڕەهەندی ئەرگۆمێنتی لە بونیادی پەندی پێشینانی کوردیدا

**فؤاد صالح رشید/** بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی-هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.

## پوختە

گرنگیدانی زۆر بە ڕازیکردنی گوێگر، وای لە قسەکەر کردووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی، پەنا بۆ گەلێ فاکتەری زمانی و نازمانی بەرێت، یەکێک لەم فاکتەرانەش پەندی پێشینانە، کە وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی و یەکەیەکی زمانی لە چوارچێوەی گوتار و دەقدا ئاڕاستەی گوێگر دەکرێ، بەمەبەستی ڕازیکردنی بەو پەیامەی پێشکەشی دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت لای پێرلمان و تیتیکا و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە بونیادی پەندی پێشینانی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستەش لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا سەرەتا بەکورتی باس لە چەمک و پێناسە و ئەرک و بنەما و تایبەتمەندییە زمانییەکانی پەند کراوە، دواتریش لێکدانەوە بۆ چەند تەوەرێکی تری وەک: ڕەهەندی ئەرگۆمێنتی پەند، ڕوونکردنەوەی تەکنیکە ئەرگۆمێنتییەکان و پراکتیزەکردنیان بەسەر پەندی کوردیدا کراوە، لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە لە توێژینەوەکەدا بەدەستهاتوون.

گرنگی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی بواری پراگماتیکە، گرنگییەکەی لەوەدایە،کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا هیچ توێژینەوەیەک لەبارەی ڕەهەندە ئەرگۆمێنتییەکان، کە ڕەهەندێکی پراگماتیکییە لە پەندی پێشینانی کوردی نەکراوە، بۆیە دەکرێ ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەی لەم بوارەدا بەدیدەکرێت.

میتۆدی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بەپێی مێتۆدی وەسفی، شیکاری، لێکدانەوەی بۆ تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت لە بونیادی پەندە کوردییەکاندا کردووە .

کۆمەڵگا و کەرەستەی توێژینەوەکە: کەرستەی توێژینەوەکە هەموو ئەو پەندە کوردییانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن ئاخێوەرانی زاری ناوەڕاست بەکاردەهێنرێن، لەم ڕووەوە بۆ ڕونکردنەوەی هەر تەکنیکێک لە تەکنیکە ئەرگۆمێنتییەکان، نمونەی پێویست لە ناو پەندەکان هەڵبژێدراوە و تەکنیکەکەی بەسەردا جێبەجێکراوە.

پرسیارەکانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1--بۆچی پەند بۆ کاریگەری خستنەسەر گوێگر و ڕازیکردنی بە بۆچوونێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت؟

2-چۆن و بە چەند شێوە ڕەهەندە ئەرگۆمێنتییەکان لە بونیادی پەندی پێشینانی کوردیدا بەدیدەکرێن؟

3- ئەو تەکنیکە ئەرگۆمێنتییانە چین، کە لە بونیادی پەندی کوردیدا ڕەنگیانداوەتەوە ؟

4- هونەرەکانی ڕەوانبێژی چ ڕۆڵێک لە داڕشتنی بونیادی پەندی کوردی و زیاتر بارگاویکردنی بە هێزی ئەرگۆمێنتی دەبینن؟

CORSONDENCE
**فؤاد صالح رشید**
fuadsalhrasheed@gmail.com

وەرگرتن 2024/03/01
پەسندکردن 2024/05/28
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
پەندی پێشینان،
ئەرگۆمێنت ،
تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت،
هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

### 1-چەمک و پێناسەی پەند :

پەندی پێشینان ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوون و کەلتور و داب و نەریت و دنیابینی کۆمەڵگایە، بۆیە خاوەنێکی دیاریکراوی نییە، هاوشێوەی کورتە چیرۆکە و باس لە ئەزموونێکی دیاریکراو دەکات، کە مرۆڤەکان پێیدا تێپەڕیون، لەو کۆمەڵگایەش بەکاردێت، کە تێیدا سەرچاوەیگرتووە، کاتێکیش بەکاردێت، کە هەڵوێستێکی هاوشێوەی ئەو هەڵوێستەی پەندەکەی تێیدا هاتۆتە ئاراوە دێتەپێشەوە. ((پەند کرۆکی قسەکردنە، لە زاری ڕەوانبێژان و حەکیمەکانەوە دەرچووە، قسەکەریش لە کاتی دەمەتەقێ و گوتارداندا بۆ بەرژەوەندی خۆی ئاماژەی پێبدات)). (محمد،2020: 64) پەند بەوە لە هونەرە ئەدەبییەکانی تر جیادەکرێتەوە، کە جگە لە چێژە ئەدەبییەکەی، ((مۆرکێکی پەروەردەیی و فێرکاری لەخۆگرتووە))، (شکیمة، 2019: 72) ئەو مۆرکەش خۆی لە پوختەیەک لەو پەند و ئامۆژگارییانە دەبینێتەوە، کە هەریەک لە پەندەکان لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە.

سەبارەت بە پێناسەشەوە، ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە پەند لەکۆنەوە تا ئێستا لە پەیوەندیکردنی زمانیدا دەیبینێت، بۆتە هۆی ئەوەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری ئەو چەمکە بکرێ و خوێندنەوە و پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێ، لەوانە:

1-پەند: ژانرێکی ئەدەبییە و بە کورتی لە دەربڕین و کاریگەری لە واتا و جوانی لە لێکچوون و بەهێزی لە درکە دەناسرێتەوە، هیچ نەتەوەیەک لێی بێبەش نیە و هەڵقوڵاوی نێو هەموو چین و توێژەکانی گەلانە. (قاسمی، 2009: 74)

2- بە بۆچوونی فریدریک زیلر: پەند وتەیەکی کورتی سەرزاری خەڵکە، مۆرکێکی فێرکاری پێوەیە و فۆڕمێکی ئەدەبی هەیە، شێواز و دەربڕینە ئاساییەکان دەسڕێتەوە. (ابراهیم، 2000: 173)

3-پەند حیکمەتێکی ڕاستەقینەیە، کە بە دەربڕینێکی جوان و واتایەکی ئامانجدار گوزارشت لە ئەزموونی پێشینان دەکات. ( شکیمة،2019: 71)

-خوێندنەوەیەکی وردی ئەم پێناسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە پەند وێناکردنی هەست و ژیری تاکەکانی کۆمەڵگایە لە قاڵبێکی ئەدەبی ئامانجداردا. یاخود ڕەگەزێکی ئەدەبی سەرزاری خەڵکە، کە هەڵگری پەیامێکی ئامانجداری ئەرێنی یان ڕەخنەئامێزە، بەکورتی و پوختی و جوانی لە دەربڕین دەناسرێتەوە، لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی کەسانی شارەزا و ڕووداو و ڕاستییەکانی ژیان سەرچاوەی گرتووە، هەر ئەمەش وایکردووە ببێتە دەستور و یاسا و ڕێنیشادەرێک، کە نەوە دوای نەوە سودی لێوەردەگرن، لەپاڵ ئەمانەشدا ئەگەر وەکو ئەرگۆمێنت سەیری پەند بکەین، ئەوا ئامانجی سەرەکی ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر و ڕازیبوونیەتی بەو پەیامەی پێشکێشی دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە کاریگەرییەکەی بەجۆرێکە، کەم گوێگر هەیە گوێی بۆ نەگرێت و پشتگوێی بخات. هاوکات بوونی جۆرێک لە لێکچوون لە نێوان پەندی پێشینانی میللەتاندا، بۆتە هۆی ئەوەی هەمان پەیام بگەیەنن.

### 2-1-ئەرکەکانی پەند:

دەکرێ بڵێین، پەند وەکو هەر یەکەیەکی تری زمانی دەتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەم ئەرکانە ببینێت:

1-پەیوەندیکردن.

2-ڕازیکردن و ئەرگۆمێنتهێنانەوە.

3-ئاگادارکردنەوە و وشیارکردنەوە.

4-دڵخۆشکردن. (بوزاید، 2008: 222)

### 3-1-تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی پەند:

لەڕووی زمانەوانییەوە پەند بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەناسرێتەوە:

1-کورتی و پوختی: لەڕووی ڕۆنانەوە لەسەر بنەمای کورتی و پوختی و کرتاندن و ڕوونبێژی لە دەربڕیندا بنیاتنراوە، ئەم شێوازە لە داڕشتندا بە زمانی دەقبەستوو ناودەبرێت، کە زمانێکە بە وشە و دەستەواژە و ڕستەی کورت دەردەبڕدرێ، هەر ئەم شێوازەش وایکردووە، لەبەرکردن و گێڕانەوەی ئاسانبێت.

2- زمانی دەربڕین: بەو پێیەی پەند سروشتێکی جەماوەری هەیە، بۆیە بە زمانێکی سادەی نزیک لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک گوزارشتی لێدەکرێ.

3-نەبوونی ڕۆنانێکی دیایکراو: لەبەر ئەوەی ئامانجی پەند گەیاندنی مەبەستێکە، بۆیە لە داڕشتنیدا گرنگی بەناوەڕۆک دراوە، نەوەک ڕوخسار، واتە دەربڕینی مەبەستەکە درێژی و کورتی ڕۆنانەکەی دیاریکردووە.

4-چڕکردنەوەی واتا: پەند چڕکردنەوەی واتایە لە دەربڕینێکی کورتدا، بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئامانج بپێکێت، زۆر جاریش جگە لە واتا ڕاستەوخۆکەی، کە واتایەکی سیمانتیکییە، واتایەکی ناڕاستەوخۆش، کە واتایەکی پراگماتیکییە دەگەیەنێت، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەموو کاتێک تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئاسان نەبێت.

5-یەکەیەکی سەربەخۆیە: پەند یەکەیەکی زمانی سەربەخۆیە، زیاتر هەم وەکو گوتار هەم وەکو دەقێکی پەستێنراو سەیردەکرێت و لە چوارچێوەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێت، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

**1-4-بنەماکانی پەند:**

پەند بە دانەیەکی یان ئامرازێکی ئەرگۆمێنت و ڕازیکردن دادەنرێت، ئینجا بۆ ئەوەی بەها ئەرگۆمێنتییەکەی لەدەستنەدات، پێویستە ئەم بنەمایانەی خوارەوەی تێدابێت:

1-دەبێت زمانی داڕشتنی پەندەکە لای وەرگر ڕوونبێت .

2 - گوزارشت لە بەسەرهاتێک یان ئەزموونێکی دیاریکراو بکات.

3-بۆنەی سەرهەڵدانی پەندەکە و ئەو بۆنەی پەندەکەی تێدا بەکارهاتووە، لای وەرگر ئاشکرابێت.

4- ڕاستگۆیی قسەکەرەکە ئەگەری سەرکەوتنی ئەرگۆمێنتی پەند زیاتر دەکات.

5-هەبوونی گونجان لە نێوان مەبەستی پەندەکە و ئەو بۆنەیەی بۆی بەکاردێت. (شکیمة،2019: 74-75)

**1-5- ڕەهەندی ئەرگۆمێنتی پەند:**

ئەرکی سەرەکی پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە بەکارهێنانی زمان، ئینجا بەو پێیەی پەند یەکەیەکی زمانی سەربەخۆیە و لەدەوروبەری جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت، ئەم فرە بەکارهێنانەی پەند وایکردووە ، زۆرجار لە پەنددا مەبەست لەشێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ دەرببڕدرێت، یاخود پەند لێکەوتەی ئاخاوتەیی و پێشگریمانەی لێبکەوێتەوە، بەدەر لەمانە پەند ڕەهەندێکی ئەرگۆمێنتیشی هەیە، چونکە قسەکەر بەپلەی یەکەم وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی و کاریگەری خستنەرسەر گوێگر بەکاریدەهێنێت، بێگومان ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە پەند چەندان ڕەهەندی پراگماتیکی جیاواز لەخۆدەگرێت.

پەند لە گوتاردا وەکو ئەرگۆمێنت بۆ پاڵپشتیکردنی بۆچوونێک بەکاردێت، یان لە کاتی دەمەتەقێ وەکو بەڵگەیەکی لۆژیکی ئەرگۆمێنتی ئاماژەی پێدەکرێت، چونکە بە داینکەری پەیوەندی نێوان ئەرگۆمێنت و ئەنجام دادەنرێت. (العزاوی،2010 :81-82) قسەکەر پەند بۆ ئەوە ناهێنێتەوە، کە زانیاری ناو پەندەکە بە وەرگر بگەیەنێت، چونکە زانیاری ناو پەندەکە لای وەرگریش تارادەیەک ڕوون و ئاشکرایە، بەڵکو مەبەستی قسەکەر ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە بۆ لای بابەتی باسکراو، بۆئەوەی تێگەیشتنی بۆ بابەتەکە بگۆڕێت و ڕازیبێت، بەو چەشنەی قسەکەر دەیەوێت. (أبراهیم،2023: 236) ئەوەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە زیاتر پشتڕاستدەکاتەوە ئەوەیە، کە هەموو پەندێک هەڵگری ڕەهەندێکی ئەرگۆمینتییە، ئەو ڕەهەندە ئەرگۆمێنتییەش لە بنیادی پەندە کوردییەکاندا بەچەند شێوەیەک دەردەکەوێت:

یەکەم: بنیادی هەندێ لە پەندەکان لە (ئەرگۆمێنت+ ئەنجام) پێکهاتوون، واتە بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕووداوەکان ڕیزکراون، بۆیە ئەنجام دوای ئەرگۆمێنتەکە هاتووە، بۆ نموونە:

**(1)-قسە هەزارە، بەڵام دوانی بەکارە.** ⇦ [ قسە هەزارە، (ئەرگۆمێنت) + بەڵام دوانی بەکارە، (ئەنجام)].

دووەم: هەروەها بنیادی بەشێکی زۆر کەم لە پەندەکان لە (ئەنجام + ئەرگۆمێنت) پێکهاتوون، واتە ئەنجامەکەیان پێش ئەرگۆمێنتەکە کەوتووە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ گەیاندنی پەیامەکە بەشێوازێکی کاریگەرتر و زەقکردنەوەی ئەنجامەکە بگەڕێتەوە، یەکێک لە نموونەکان ئەم پەندەیە، کە دەڵێت:

**(2)- هەنجەتی تڕی، نانی جۆیە.** ⇦ [هەنجەتی تڕی،( ئەنجام) + نانی جۆیە، (ئەرگۆمێنت)]

سێیەم: بونیادی بەشێکی زۆر لە پەندەکان تەنها ئەرگۆمێنتیان تێدایە، واتە ئەنجامەکەیان شاراوەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بەپێی دەوروبەر لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، بۆ نموونە:

**(3)-دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە.** ⇦ (ئەرگۆمێنت)

ئەم پەندە تەنها ئەرگۆمێنتێکی تێدایە، مەبەستەکەی یاخود ئەنجامەکەی شاراوەیە و بەپێی دەوروبەر لە ئەرگۆمێنتەکە هەڵدەهێنجرێت، کە زیاتر مەبەست لێی، ( کەسێکە خۆی بە شتی بێسود و بێئەنجام خەریکبکات).

ئەم ڕاستییانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە (( پەند ئەرگۆمێنتێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەرگۆمێنتێکی ئامادەکراوە، وەکو وتەی دانا و زانایان وایە، هەڵگری ڕەهەندێکی ئەرگۆمێنتی بەرز و بەهێزە)). ( العزاوی، 2010 :87) کەواتە پەند خۆی ئەرگۆمێنتێکی بەڵگەنەویستە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە پەند لە ژانرە ئەدەبییەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە سروشتێکی ئەرگومێنتی و بەڵگەهێنانەوەی هەیە، زۆرجاریش وەکو گەواهیدەر یان پاڵپشتی هەڵوێستێک یان هەڵسوکەوتێک یان پاساوهێنانەوە بۆ کردارێک، یاخود وەک بەڵگە بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونێکی دیاریکراو لە گوتار و نووسیندا ئاماژەی بۆ دەکرێت، ڕەنگە ئەمەش بۆ سروشت و پێگەی ئەم هونەرە ئەدەبییە بگەڕێتەوە، کە زۆرجار دەتوانێت لەم بوارەدا ڕۆڵی بەڵگەی یەکلاکەرەوە ببینێت.

**1-6-تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت:**

ئەرگۆمێنت بەکارهێنانی زمانە بەشێوازێکی کاریگەر، یاخود پێشکەشکردنی بەڵگە و ئارگیومێنتە لەگفتوگۆ و گوتاردا بە شێوازێکی لۆژیکی و گونجاو، یاخود(( گوتارێکی دەمەتەقێی (جدل) پەیوەندیکردنە، لەسەر بنەمای بیانوهێنانەوە و بەڵگەهێنانەوە و بەکارهێنانی ئەرگومێنت و بەڵگە و سەلماندنەکان بنیاددەنرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر گوێگر دروست بکات و وایلێبکات ڕازیبێت بەو ئەرگیومێنتە دروستە، یان نیمچە لۆژیکییە، یان گریمانەییەی پێشکەشی دەکرێت)). (حمداوی،2020: 182) لەڕووی ئامانجیشەوە، تیۆری ئەرگۆمێنتی ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لەو تەکنیکە گوتاریانەی کە ئامانجیان وروژاندنی مێشک و تێکەڵکردنیەتی لەگەڵ پەیامە پێشکەشکراوەکەدا، بەدەر لەمانە لە مەرجەکانی دەستپێکردن یان گەشەکردنی ئەرگۆمێنتی و دەرئەنجامی کاریگەرییەکانی دەکۆڵێتەوە. (طروس، 2005: 44) پێرلمان و تیتیکا لە تیۆری ڕەوانبێژیی نوێدا (New Rhetoric theory) کە تیۆرێکی ئەرگۆمێنتییە، لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ئەرستۆی فەیلەسوفدا گرنگیان بە ڕەوانبێژیی نوێ داوە و پەیوەستیان کردووە بە ئەرگۆمێنتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە پەرتووکی (پۆلێنکردن لە ئەرگۆمێنت)دا لە ڕوانگەی ڕەهەندە ئەرگۆمێنتییەکەیەوە گرنگیان بە ڕەوانبێژی داوە، بەمەش دیدێکی نوێیان بە ئەرگۆمێنت بەخشیوە. ئەرگۆمێنت لای پێرلمان، ((بریتییە لە کۆمەڵێك تەکنیك لەگوتاردا، کەوا لە بیر و هزری گوێگر دەکەن، خۆی بەدەستەوە بدات بۆ ئەو پەیامەی ئاڕاستەی دەکرێت، یان پلەی خۆبەدەستەوەدانەکەی بەهێزتر دەکات)).(صولة،2011: 11) ئینجا پێرلمان کە ڕەوانبێژی بە سەرچاوەی ئەرگۆمێنت داناوە، پێیوابووە چەمکی ئەرگۆمێنت ڕێگایەکە بۆ شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە بەمەبەستی پێشکەشکردنی بیانوی پەسند بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر بیر و بۆچونی وەرگر. (حشاني،2014: 269) تیۆرەکە هەموو ئەو بوارانەی گوتار دەگرێتەخۆ، کە ئامانجیان ڕازیکردنە، جا وەرگرەکە هەر کەسێک بێت و تەوەری گوتارەکەش هەر چییەک بێت. داڕێژەرانی تیۆرەکە، ڕەوانبێژیی نوێ بە لێکۆڵینەوە لە هونەرەکانی ڕازیکردن و ئامرازە کاریگەرەکانی دەربڕین دادەنێن، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پێرلمان بەپێی جەماوەر(گوێگر)ئەم دوو جۆرە لە ئەرگۆمێنت لەیەکتر جیابکاتەوە:

1-ئەرگۆمێنتی ڕازیکردن: کە تایبەتە و بۆ ڕازیکردنی جەماوەرێکی تایبەت بەکاردێت، ئەرگۆمێنتێکی خودییە و بواری کارکردنیشی فراوان نییە**.**

2-ئەرگۆمێنتی ڕازیبوون: گشتییە و ئامانجی ڕازیبوونی هەموو خاوەن عەقڵێکە، بۆیە بە بنەمایەکی سەرەکی ملکەچبوون و ئەرگۆمێنت دادەنرێت. (صولة، 2011: 15) بەبڕوای پێرلمان لە حاڵەتی ڕازیبووندا وەرگر خۆی بەبیرۆکەکانی خۆی ڕازیدەبێت، کەچی لە حاڵەتی ڕازیکردندا وەرگر لەلایەن کەسانی ترەوە ڕازیدەکرێ. (أمقران،2018: 224) لەم ڕووەوە ناوبراو لە تیۆرەکەیدا جەخت لەسەر ڕازیبوون دەکاتەوە، ((ڕازیبوونی هزری کە ملکەچبوونێکی دەرونی وەرگرە، وەکو کرۆکی ئەرگۆمێنت دەبینێت، بۆیە ئەرگۆمێنتی لەو تەکنیک و میکانزمە لۆژیکی و ڕەوانبێژییانە سنوردارکردووە، کە دەتوانن لەسەر بنەمای ئازادی هەڵبژاردن لەڕێگەی هزرەوە ئامانجەکەیان بپێکن)). (صولة، 2011: 15) هەر بە بۆچوونی پێرلمان ڕەوانبێژی پەیوەندییەکی بەتینی بە هەریەک لە ئەرگۆمێنت و پراگماتیکەوە هەیە، چونکە لەیەک کاتدا ئامرازی تێگەیشتن و کاریگەری و ڕازیکردنە. (المغامسي،2016: 377) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تیۆری ڕەوانبێژیی نوێ ئامانجی توێژینەوەیە لە تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت لە گوتاردا، هەروەها تیۆرەکە گرنگی بەو مەرجانەش دەدات، کە ڕێگا بە ئەرگۆمێنت دەدەن گەشەبکات لە گوتاردا. لەم ڕوانگەیەوە پێرلمان پێوایە، ئەرگومێنت بریتییە لە ناسین و توێژینەوە لەو تەکنیکە گوتارییانەی کە بەشدارن لە ڕازیکردنی وەرگر، یان لە زیادکردنی ئاستی ڕازیبوونەکەی، ئەم تەکنیکانە کۆمەڵێک ئەرگیومێنتی جۆراوجۆرن و بناغەی دەقی ئەرگیومێنتیش بنیاتدەنێن، کە جێگای بایەخی توێژینەوەی ئەرگۆمێنتین لە هەر وتارێکدا، بۆیە ئەم تەکنیکانە بە گرنگترین پایەی توێژینەوەی ئەرگۆمێنتی دادەنێت و هەوڵدەدا لەڕێگەیانەوە ڕەزامەندی عەقڵ بەدەستبهێنێت.

**1-7-تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت لە داڕشتنی پەندی پێشینانی کوردیدا:**

بەو پێیەی یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی تیۆری ڕەوانبێژیی نوێ لای پێرلمان ڕونی لە شێواز و دورکەوتنەوەیە لە بەکارهێنانی توند و تیـژی لە زمانـدا، لەم ڕووەوە دەکـرێ بڵێـین، پەنـد کە بە زمـانی ژێـری دادەنرێـت و ئامـانجیش لێـی سـەرەتا ئاگـادارکردنەوە و ڕێگریکردنە لە دووبارەکردنەوەی هەڵە، ئینجا ئاڕاسـتەکردنە، تەکنیکێکی تەواو کـاریگەر و گونجـاوە بـۆ دوانـدنی مێشـکی گـوێگر و ڕازیکردنی بەو پەیامەی کە پێشکەشی دەکرێ. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین، بـاس لە تەکنیکەکـانی ئەرگۆمینـت لای پێرلمـان و چـۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە داڕشتنی پەندی پێشینانی کوردیدا بکەین، کە پێرلمان پێکهاتەکانی بەپێی شـێوازەکانی پێکەوەنـان و دابـڕین بەسـەر ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەشکردوون:

**1-ڕێگەکانی بەیەکترگەیاندن. (طرائق الوصل أو الاتصال)**

**2- ڕێگەکانی دابڕین و جیاکرنەوە .(طرائق الفصل أو الانفصال)**

**3- ئەرگۆمێنتی مەزراندنی بەهاکان. ( الحجج الموظفة للقيم)**

**4-ئەرگۆمێنت بە هەست و سۆز. (الحجاج بالعواطف ) (محەمەد ئەمین،٢٠٢٢: ١٩٢)**

**1-7-1- ڕێگەکانی بەیەکترگەیاندن(طرائق الوصل أو الاتصال):**

مەبەست لێی ئەو تەکنیکانەیە، کە ڕەگەزە جیاوازەکان بە مەبەستی دامەزراندن و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا لە یەکتر نزیکدەکەنەوە، بۆ ئەوەی لەناو یەک بنیادی ئەرگۆمێنتی پتەو و یەکگرتوودا لە یەکیان بدات. ( الطلبة، 2008:127) ئەو ئەرگۆمێنتانەی لەسەر بنەمای بەیەکترگەیاندن بنیادنراون، ئەو ئەرگیومێنتانەن کە وا دەکەن، بتوانرێت ئەو پەسنکردنەی کە لەبارەی پێشکییەکانەوە بەدەست هاتووە، بۆ ئەنجامەکان بگوازرێتەوە.(حمداوي،2020: 120) ڕێگەکانی بەیەکترگەیاندن بەم شێوانەی خوارە ئەرگۆمێنت دروستدەکەن:

**1-1-7-1- ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی(الحجج شبه المنطقية):**

ئەم ئەرگۆمێنتانە لەسەر بنەمای پابەندنەبوون دامەزراون، واتە ئەنجامەکانیان ڕێژەییە و پابەندبوونی تێدانییە.(عرابی، 2009: 28) ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی، هێزی ڕازیکردنی خۆی لە بەیەکچوونی لەگەڵ لۆژیکی شێوەیی و لۆژیکی بیرکاری لە بەڵگەهێنانەوەدا وەردەگرێت، بەڵام وەکو ئەوان نین، تەنیا لێیاندەچن،(صولة، 2011: 42) هەروەها نزیک دەبنەوە لە لۆژیکی وێنەیی و بیرکاری، بەڵام یەکسان نین لەگەڵیاندا، ئەگینا ئەرگۆمێنتەکان دەبن بە بەڵگەهێنانەوە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ چەمک و سروشتە ئەگەرییەکەی، بۆیە جێگای ڕەتکردنەوەیە، چونکە لۆژیکی نییە. ئەو ئەرگۆمێنتانە هێزی ڕازیکردنیان وەردەگرن لەڕێگەی ئاماژەدان بە هەندێ بونیادی لۆژیکی وەک:دژیەک و نواندن و پەڕینەوە ، هەروەها هەندێ پەیوەندی بیرکاری وەک: بەش لەگشت و دابەشکردنی گشت بۆ پێکهێنەرەکانی. (حشانی،2014: 85) ئەو ئەرگۆمێنتانە لەڕووی پێکهاتەوە لە لۆژیک و لەڕووی پەسندکردنیشەوە لە داڕشتنی لۆژیکی وەرگیراون، بەوەش لێی جیادەکرێنەوە، کە پابەندی تێدانییە، وەک ئەوەی لە ئەرگۆمێنتە لۆژیکییەکاندا هەیە. (المغامسی، 2016 :87) واتە ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە لۆژیکییانە دامەزراوە، کە لە توانایاندا هەیە، هێز و پێگە بە ئەرگۆمێنتەکان ببەخشن و لەو ڕێگەیەشەوە هێزی ئەرگۆمێنتی و توانای ڕازیکردنی چەند هێندە زیاددەبێت. (حمداوی،2020: 121-122) بەپێی ئەم بۆچوونانە، ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی بەڵگەهێنانەوەیەکی عەقڵانی دروست و گونجاوە، کار لەسەر ڕازیکردن دەکات، نەک سەلماندنی لۆژیکی، بەڵام لەسەر لۆژیک بنیاتدەنرێ. ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی دەبێتە دوو جۆر:

**1-1-1-7-1 -1- ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی پشت بەستوو بە بنیادی لۆژیکی:**

ئەم چەشنە ئەرگۆمێنتە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

**1-1-1-1-7-1- ئەرگۆمێنتی دژیەک و پێچەوانە و نەگونجان (التناقض وعدم الانسجام):**

دژیەك بەو ئەرگۆمێنتانە دەگوترێت، کەدەتوانن پرسێك(بابەتێك) لەگوتارێکی زمانەوانی لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا پشتڕاست بکەنەوە یان ڕەتیبکەنەوە. (عرابی،2009: 28) ڕەوانبێژەکان جیاوازی لە نێوان دژیەک و پێچەوانەدا دەکەن، دژیەک لە نێوان بیرۆکەیەک و دژەکەیدا دەبێت، بەکارهێنانی دژیەک دەگمەنە و مەحاڵە، بۆیە لەدەرەوەی بواری ئەرگۆمێنتیدا دەمێنێتەوە، بەڵام پێچەوانە و نەگونجان لە نێوان دوو سەلماندندا سەرهەڵدەدات، کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی یەکتری ڕەتدەکەنەوە، کاتێک لە هەمان دەوروبەردا هاتبن. (طروس، 2005: 29) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بواری ئەرگۆمێنت پێچەوانەیە، نەوەک ئەو دژیەکە لۆژیکییە توند و پابەندکەرەی، کە بارودۆخ و بار کاریگەریی لەسەری نییە. (بنو هاشم،2014: 59) بەکورتی دژیەک لە نێوان بیرۆکەیەک و دژەکەیدا دەبێت، کە کۆکردنەوە یان هاتنیان بەیەکەوە لە دوتوێی پەندێکی پێشینان، یان گوتنێکی ئاساییدا لەڕووی لۆژیکییەوە ئەستەمە، هاوکات دژیەک ناکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەریش، بەڵام پێچەوانە دژیەکی تێدا نییە، بەڵکو لە نێوان دوو سەلماندندا سەرهەڵدەدات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەر، بۆیە یەکێکیان ئەوی تر ڕەتدەکاتەوە، بەمەرجێک لە هەمان دەوروبەردا هاتبن، بۆ نموونە:

**(4)-لەگەڵ گورگی گۆشتی دەخوات، لەگەڵ شوانی شینی دەکات.**

کاتێک قسەکەر ئەم پەندە بەکاریدەهێنێت، کە بیەوێ گوێگر لەو کەسانە ئاگاداربکاتەوە ، کە دوو ڕوون و لە یەک کاتدا ڕۆڵی جیاواز دەبینن، بۆیە بەلای قسەکەر ئەو کەسانە جێگای بڕوا نین و نابێت متمانەیان پێبکرێت. لەڕاستیدا کۆبوونەوەی ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازە لە یەک دەوروبەردا، شتێکی ئاسایی نییە، بگرە جێگای سەرسوڕمانیشە، بۆیە یەکێکیان لەلایەن ئەوی تر ڕەتدەکرێتەوە.

**1-7-1-1- 2-1-ئەرگۆمێنتی دامەزراو لەسەر پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ و یاسای دادپەروەری (الحجج القائمة على العلاقة التبادل و على القاعدة العدل):**

ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە ئاماژەیەکە بۆ پێویستی گەیشتن بە پرەنسیپی دادپەروەری لە نێوان شتەکان و ڕاستیەکان و هەڵسوکەوتەکان، هاوکات مامەڵە نەکردن لەگەڵ بارودۆخە هاوشێوە و لەیەکچووەکان بە پێوەری جیاواز. بەبڕوای پێرلمان یاسای دادپەروەری ئەو یاسایەیە، کە یەک مامەڵە لەگەڵ بوونەوەر یان بارودۆخە هاوشێوەکانی ناو یەک گوتار دەکات. (حمداوي،2020: 123) ئەم ئەرگۆمێنتانە لەسەر پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ دامەزراون، چارەسەری دوو بارودۆخ دەکەن، یەکێکیان لە ڕێی ئەویتریانەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئەو دوو بارودۆخە وەکو یەکن، بۆیە ئەم لەیەکچوونە، بۆ جێبەجێکردنی یاسای دادپەروەری پێویستە. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە یاسای دادپەوەری زۆر بەتوندی بە پەیوەندیی ئاڵوگۆڕەوە بەستراوەتەوە. (صولة،2011: 45) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم تەکنیکە بەیەك چاو سەیری دیاردە لەیەکچووەکان دەکات و هەمان بڕیاریان بەسەردا جێبەجێدەکات، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتەش، ئەم پەندە کوردییە وەردەگرین، کە دەڵێت:

**(5 )-دەرزی لە چاوی خەڵکی دەبینیٚ، بەڵام کاریتەی لە چاوی خۆی نابینیٚ ؟!**

لەم پەندەدا پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی و پێچەوانەیی لە نێوان دوو هەڵوێستدا هەیە، قسەکەر هەوڵدەدا لەڕێگەی ئەم پەندەوە ڕەخنە لەو کەسانە بگرێت، کە تەنها باسی کەموکوڕیەکانی خەڵک دەکەن و کەموکوریەکانی خۆیان نابینن، بۆیە داوایان لێدەکات، پەیڕەوی یاسای دادپەروەری بکەن، واتە: چۆن کەموکوڕی خەڵک دەبینن و باسیدەکەن، بەهەمان شێوە هی خۆشتان باسبکەن، ئەگەرنا چاوپۆشی لە هەردووکیان بکەن.

**1-7-1-1-1-3- ئەرگۆمێنتی گواستنەوە و پەڕینەوە :**

ئەم ئارگیومێنتە جەخت لەسەر پەیوەندیەکی لۆژیکی شێوەیی نێوان دوو لایەن یان زیاتر دەکاتەوە، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە، کە کاتێک پەیوەندیەکی دیاریکراوی وەك: یەکسانی، گرتنەوە، باڵادەستی، چەندێتی یان چۆنیەتی لە نێوان (أ) و (ب) دا هەیە، لە نێوان (ب) و (ج) یشدا هەمان پەیوەندی هەیە.(صولة،2011، 46) پاشان بەپێی یاسای گواستنەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان (أ) و (ج) دا هەیە، هەمان ئەو پەیوەندییە، کە لەنێوان (أ) و (ب) دا هەیە، بەپێی ئەم پەیوەندییانە ئەرگۆمێنتی گواستنەوە بەم شێوەیە بەدەستدێت، [ئەگەر( أ = ب) و (ب= ج) ئەوا (أ = ج)]. (طروس،2005: 31) ئەم تایبەتمەندییە شێوەییانەی گواستنەوە و گرتنەوە شایانی گواستنەوەن بۆ بواری ئەرگۆمێنت و زمانی سروشتی، نموونەی ئەم بارەش ئەم پەندە کوردییەیە، کە دەڵێت :

**(6)- دوژمنی دوژمنم دۆستمە.**

ئەرگۆمێنت لەم پەندەدا لەسەر بنەمای پەڕینەوە دامەزراوە، کە بریتییە لەوەی ( دوژمنی دوژمنەکەم دۆستی منە)، لێرەدا بەپێی هەڵێنجان لە سروشتی نیمچە لۆژیکی ئەم پەندە، دەتوانین، بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم پەندە پەیوەندییەکی تریش دەگرێتەوە، کە بریتییە لەوەی (دۆستی دوژمنەکەم دوژمنی منە)، ((بەڵام ڕەنگە ئەم ئەرگیومێنتانە لەلایەن کەتوارەوە نکۆڵی لیٚ بکرێت و ڕەت بکرێتەوە))، (امقران، 2018: 226) چونکە مەرج نییە،( دوژمنی دوژمنەکەم ، دۆستی من بێت)، یاخود (دۆستی دوژمنەکەم ، دوژمنی من بێت).

**1-7-1-1- 2- ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی پشت بەستوو بە لۆژیکی بیرکاری (الحجج شبه المنطقية التى تعتمد العلاقات الرياضية):**

بەشی دووەمی ئارگومێنتە نیمچە لۆژیکییەکان، کە پشت بە پەیوەندییە بیرکارییەکان دەبەستن، بریتین لە:

**1-7-1-1-2-1- ئەرگۆمێنتی لێکدانی بەش لە گشت (إدماج الجزء في الكل):**

ئەرگومێنتی لێکدانی بەش لەگەڵ گشت، واتە(( ئەوەی بەسەر گشتەکەدا جێبەجێدەکرێت، بەسەر بەشێک لە گشتەکەش جێبەجێدەکرێت))، (الدريدى،2008: 210) ئەمەش پەیوەندییەکی بیرکارییە، ئەرگۆمێنتەکە لە سەلماندندا پشتی پێدەبەستێت، پەیوەندییەکەش بریتییە لە لێکدانی بەش لە گشت، کە بەزۆری لە گۆشەی چەندایەتییەوە سەیردەکرێت، بەو پێیەی گشت لە بەشەکە گرنگترە و ئەویش لەخۆدەگرێت، ئەمەش وادەکات ئەم جۆرەی ئەرگومێنتەکان پێوەندی بە بابەتی چەندایەتییەوە هەبێت، بۆ نموونە ئەو یاسا ئاینباوەی (فیقهییە)ی لەسەر حەرامکردنی (مەی)، کە دەڵێت: (ئەوەی زۆرەکەی سەرخۆشت بکات، کەمەکەی حەرامە). (صولة،2011: 48) ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە ڕەهەندێکی عەقڵی هەیە و لەسەر پەیوەندییەکی لۆژیکی و بیرکاری بونیاددەنرێت، مەبەستی ئەرگۆمێنتەکە ئەوەیە، کە ئەو بڕیارەی بەسەر چەمکە گشتییەکاندا جێبەجێدەکرێت، هاوکات بەسەر هەریەک لە بەشەکانیشیان جێبەجێدەکرێت، ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە لەم پەندە کوردییەدا بەدیدەکرێت، کە دەڵێت:

**(7)-گاڕان بە گردەوە دەڕۆیی، پیرێژنیش لە گۆلکە سۆرەی دەپێچاوە.**

مەبەستی ئەرگۆمێنتی قسەکەر لەم پەندەدا ئەوەیە، کە گاڕان، واتە کۆی ڕەشەوڵاخەکانی گوندەکە ڕۆیشتوون و نەماون، گۆلکە سۆرەش کە بەشێکە لەم گاڕانە، کەواتە ئەویش ڕۆیشتووە، قسەکەریش کاتی ئەم پەندە دەهێنێتەوە، کە دەیەویٚ گوێگر ڕازیبکات، بەوەی ئەو یاسایەی بەسەر چەمکە گشتییەکەدا جێبەجێدەبێت، ڕاستەوخۆ بەسەر بەشەکانیشی جێبەجێدەبێت.

**1-7-1-2-2- ئەرگۆمێنتی دابەشکردنی گشت بۆ پێکهێنەرەکانی (تقسيم الكل إلى أجزائه المكونة له):**

ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە لەسەر دابەشکردنی گشت بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی دامەزراوە، لەسەر ئەو بنەمایەی هەر بڕیارێک بەسەر بەشەکاندا جێبەجێبکرێت، بەسەر گشتەکەش جێبەجێدەبێت. (الدريدی،2008: 207) مەبەست لەم دابەشکردنە ئەوەیە، کە ئەرگیومێنتەکان بتوانن ئەو بەشانە بەکاربهێنن و بارگاوییان بکەنەوە بەو هێزە ڕازیکردنەی کە بەکۆمەڵ هەیانبووە. ( الطلبة، 2008: 129) مەرجی بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی ئەرگومێنتەکە لەسەر بنەمای دابەشکردن، ئەوەیە کە ژماردنی بەشەکان گشتگیربێت، چونکە لە کاتی ژماردنی بەشەکاندا ئەگەر یەکێک لە بەشەکانی گریمانەکە بکەوێت، ئەوا تەواوی بونیادی ئەرگۆمێنتەکە دەکەوێت و دەبێتە جێگەی پێکەنینی گوێگران. (صوله،2011: 48) بەم پرۆسەیە دەگوترێت سەلماندنی گشت لەڕێگەی بەشەکانییەوە. چونکە بوونی بەشەکان پێویستە بۆ دامەزراندن و هەبوونی گشت، سەرەڕای ئەم مەرجانەش، ئەم ئارگیومێنتانە هەر بە نیمچە لۆژیکی دەمێننەوە، ((چونکە لە هەموو بارەکاندا بەشەکان بە وردی گوزارشت لە کۆی گشتی ناکەن)). (الدريدی،2008: 207)بۆ نموونە ئەم پەندە کە دەڵێت:

**(8)-مشتێک نموونەی خەرواڵێکە.**

مەبەستی پەندەکە ئەوەیە، کە مشتێک یان بەشێک لەهەر شتێک گوزارشت لە خەسڵەتەکانی گشت شتەکە، یان هەموو خەرواڵەکە دەکات، بۆیە قسەکەر دەیەوێ لەڕێگەی ئەو پەندەوە ئەوە بۆ گوێگر بسەلمێنێت، کە هەر بڕیارێک بەسەر بەشەکاندا جێبەجێکرێت، بەسەر گشتەکەش جێبەجێدەبێت.

**1-7-1-2-3-ئەرگۆمێنتی بەراوردکردن:**

ئەرگۆمێنتی بەراوردکرن لە ناوەڕۆکدا لە دەوری پرۆسەی پێوانەکردنی بیرکارییانەی نێوان دوو لایەنی پرسێک دەسوڕێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا دەبێ، کە ڕووبەڕووی چەند شتێک دەبینەوە، بۆ ئەوەی یەکێکیان لەڕوانگەی ئەوانی ترەوە هەڵبسەنگێنین، ئەمەش وادەکات، ئەرگۆمێنتەکە هێزی ڕازیکردنەکەی زیاتربێت. دانانی پێوانەکردن بە کرۆکی بەراورکردن، وادەکات بەراوردکردن لەسەر پەیوەندییە بیرکارییەکان دابمەزرێت و نیمچە لۆژیکی بێت، بەو پێیەی بەزۆری بۆ جەختکردنەوە لەسەر کەتوار پێشکەشدەکرێت. (عرابی،2009 : 64) ئەگەر بەراوردپێکراو زۆر بەهێزبوو، ئەوا ئەرگۆمێنتەکە لە نرخی بەراوردکراو بەرزدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەراوردکراو بەهێزتربوو، ئەوا لە ئەرگۆمێنتەکە لە نرخی بەراوردکراو دادەبەزێنێت، بۆ نموونە کاتێک شاعیرێکی ئاست ناوەند بەراورد دەکەین و دەڵێین، ناگاتە ئاستی موتەنەبی، بەمە بەرزیدەکەینەوە، بەڵام کاتێک دەڵێین لە شاعیرێکی ئاست نزم بەرزترە، بەهاکەی دادەبەزێنین. (بنو هاشم ،2014: 69-70) پێوەری بەراوردکردن نە پێوانەیەکی جێگیر و نە کردەوەیەکی پێوانەکراوە، بەڵکو شتێکی هاوشێوەی ئەوانە. (أمقران، 2018: 227) بۆ نموونە:

**(9)-مریشک چاو لە قاز بکات، قونی دەدڕێت.**

قسەکەر کاتێ ئەم پەندە بەکاردەهێنێت، کە دەیەوێ بەراورد لە نێوان دوو کەس یان دوو شتی جیاوازدا بکات و بەو بەراوردکردنەش گوێگر بەوە ڕازیبکات، کە پێویستە مرۆڤ چاو لە خەڵکی لە خۆی بەرزتر نەکات، چونکە وەک ئەو مریشکە شکستدەهێنێت.

**1-7-2- ئەرگۆمێنتی دامەزراو لەسەر بنیادی کەتوار(الحجج المؤسسة على بنية الواقع):**

ئەم ئەرگومێنتانە لەسەر کۆمەڵێک پەیوەندی دامەزراون، کە لە نێوان توخمەکانی کەتواردا بوونیان هەیە، بەو مانایەی ئەو ئەرگومێنتانە جەخت لەسەر بەستنەوەی توخمە جۆراوجۆرەکانی کەتوار بە شێوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی دەکەنەوە ، ئەم ئەرگومێنتە کەتوارییانە لەلایەن گوێگرەوە پەسندکراون و ڕێککەوتنیان لەسەرە، بۆیە گوتارێژەکە وەک پێشەکییەک یان خاڵی دەستپێک بۆ بنیادنانی ئەرگیومێنتەکانی بەکاریدەهێنێت، لەم ڕووەوە پێرلمان دەڵێت، کاتێک توخمەکانی کەتوار لە پەیوەندییەکی پەسندکراودا یەکدەگرنەوە، دەکرێ ئەرگومێنتێک لەسەر ئەو ئەرگۆمێنتانە دابمەزرێنرێت، کە ڕێگە بە تێپەڕین بەو شتانە بدات، کە پەسندکراون، بۆ ئەو شتانەی کە ئێمە هەوڵدەدەین لەلایەن گوێگرەوە پەسندبکرێن. (حمداوی،2020: 125-126) پێرلمان ئەرگۆمێنتی دامەزراو لەسەر بنیادی کەتوار دەکاتە دوو جۆر:

**1-7-2-1- پەیوەندیی بەدوایەکداهاتن (الاتصال التتابعي أو التعاقبي):**

ئەرگومێنتەکانی پەیوەندی بەدوایەکداهاتن هۆکارەکان چ ڕووداو بن، یان پێشەکی بەوە دەبەستێتەوە، کە لە ئەنجامەکانەوە بەدەستهاتوون. (شعبان أمقران،2018: 228) لە پەیوەندیی بەدوایەکداهاتندا، ئەو ڕەگەزانەی، کە هەمان سروشت و ئاستیان هەیە، بە یارمەتی بەستێنەری هۆیی بەیەکتر دەبەسترێنەوە. (محەمەد ئەمین،2022: 181) سیماکانی پەیوەندیی بەدوایەکداهاتن، بریتین لەوەی لە لایەک لە ڕەگەزدا لەیەکدەچن، لە لایەکی تردا لە

سروشتدا هاوبەشن، لە لایەکی تریشەوە لە ناوخۆدا لەسەر بنەمای لێکدانی ئەرگیومێنتەکان دامەزراون. ( جمیل حمداوی،2020: 126) ئەمەش لە ڕێگەی سێ جۆر پەیوەندییەوە ئەنجامدەدرێت، کە ئەمانەن:

**1-7-1-2-1-1- پەیوەندیی هۆیی:**

بۆ مەبەستی ئەرگومێنتی پەنا بۆ پەیوەندیی هۆیی دەبرێت و مەبەستەکە بەپێی هۆکارە بەکارهێنراوەکە جیاوازدەبێت، ئەگەر هۆکاری بەکارهێنراو ڕاستەوخۆ و سادە و سروشتیبێت، ئەوا تایبەت دەبێت بە لێکدانەوەی دیاردەیەکی سادە، بەڵام ئەگەر هۆکارەکە قووڵ، یان ناڕاستەوخۆ، یان لە ئەنجامی شیکارییەکی زۆر قورس بەدەستبێت، ڕەنگە پێشبینی لێکدانەوەی دیاردەیەکی ئاڵۆزی لێبکرێت. (محمد طروس،2005: 33) بەیەکەوەبەستن یان پەیوەندی هۆیی بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات:

**أ-لە هۆکارەوە بۆ ئەنجامەکان دەڕوات.**

**ب-لە ئەنجامەوە بۆ هۆکارەکان دەڕوات.(صولة،2011: 50)**

**ئەم جۆرەپەیوەندییە سێ شێوەی هەیە:**

**1-7-1-2-1-1-1-ئەو ئەرگۆمێنتەی بە یارمەتی بەستێنەری هۆیی، دوو ڕووداو بەیەکەوە دەبەستێتەوە:**

ئەم ئەرگۆمێنتە ئامانجی بەستنەوەی دوو ڕووداوی بەدوایەکداهاتووە، بەهۆی بەستێنەری هۆیی. (سەرچاوەی پێشوو: 50) بۆ نموونە:

(10)-بۆیە پێتدەڵێم کاکە، کە ڕوێشکم بە عارەبانە بۆ بگری.

ئەنجام⇦ ئەرگۆمێنت

هەرچەندە بەهۆی زەقکردنەوەی ئەنجامی ئەرگۆمێنتەکەوە، ئەنجامەکە لەسەرەتای پەندەکە هاتووە، کەچی لەڕووی لۆژیکییەوە ئەرگۆمێنتەکە ( کەروێشکم بە عارەبانە بۆ بگریت)، سەرەتا ڕوودەدات، پاشان ئەنجامەکەی ( پێتدەڵێم کاکە) ڕوودەدات، واتە ڕوودانی ئەرگۆمینتەکە هۆکارە بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکە، لێرەدا مەبەستی قسەکەر لەم تەکنیکە ئەرگۆمێنتییە ئەوەیە، کە خەڵکی کاتێ بەیەکێک دەڵێن کاکە و ڕێزی لێدەگرن، کە خەمیان لێبخوات و کاری گرنگ و زەحمەتیان بۆ جێبەجێبکات.

**1-7-1-2-1-1-2-ئەو ئەرگۆمێنتەی، کە هۆکاری ڕوودانی ڕووداوێک لە ڕووداوێکی تر وەردەگرێت:**

ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە ئامانجی ئەوەیە لە ڕووداوێکەوە ئەو هۆکارە دەستنیشانبکات، کە بووەتە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکە. (سەرچاوەی پێشوو: 50) بۆ نموونە:

(11)- شایی نەدەزانی، دەیگوت عەرد خوارە.

ئەنجام ⇨ ئەرگۆمێنت

دیسان بەهۆی شێوازی دارشتنی پەندەکە و زەقکردنەوەی ئەنجامەکەوە، لاڕستەی (شایی نەدەزانی)، کە ئەنجامە، لەسەرەتای ڕستەکەدا هاتووە، بەڵام لاڕستەی ( دەیگوت عەرد خوارە)، کە ئەرگۆمێنتەکەیە لە کۆتایی ڕستەکەدا هاتووە. مەبەستی ئاشکرای پەندەکە ئەوەیە، کە( عەردەکە خوارە ، بۆیە ئەو نازانێت شایی بکات)، بەڵام مەبەستی شاراوەی قسەکەر ئەوەیە، کە هەندێ کەس خۆیان عەیبێکیان هەیە، کەچی بۆ ئەوەی عەیبەکەیان بشارنەوە، بیانوویەکی ناڕاستەقینەی بۆ دەهێننەوە.

**1-7-1-2-1-1-3- ئەو ئەرگۆمێنتەی پێشبینی ئەنجامەکان دەکات لە ڕووداوێکدا:**

ئەم ئەرگۆمێنتە ئامانجی ئەوەیە لەسەر ئەنجامەکانی ڕووداوێك پێشبینی هۆکاری ڕوداوەکە بکات. (سەرچاوەی پێشوو: 50) بۆ نموونە:

(12)- جام کە پڕبوو، لێیدەڕژێت.

ئەرگۆمێنت ⇦ ئەنجام

لەم پەندەدا ئەرگۆمێنت و ئەنجامەکە بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕیزکراون، (پڕبوونی جامەکە) ئەرگۆمێنتەکەیە و هۆکاریشە بۆ بەدەیهاتنی ئەنجامەکە، (لێرژان)یش ئەنجامی ڕووداوەکەیە، دیارە مەبەستی ئاشکرای پەندەکە، ئەوەیە جام کە پڕ ئاو بوو، ئاوی لەسەر دەڕژێت، بەڵام مەبەستی ئەرگۆمێنتی قسەکەر ئەوەیە، کە هەر کاتێ زۆرداری، یان نادادپەروەری، یان هەر دیاردەیەکی تر لەسنووری خۆی دەرچوو، ئەوا بارودۆخەکە لەدەست دەردەچێت و ناڕەزایەتییەکان دەتەقێنەوە.

**1-7-1-2-1-2- ئەرگۆمێنتی سوودبەخشی:**

ئەم ئەرگومێنتە بەهای هۆکار، یان کردار، یان ڕووداوێک دەبەستێتەوە بە بەهای ئەو ئەنجامە ئەرێنی یان نەرێنییەی لێیدەکەوێتەوە،

(بنو هاشم ، 2014 :58.)واتە ئەرگومێنتی سوودبەخشی یان ئەنجامی، ئەو ئەرگیومێنتەیە، کە دیاردەیەک یان بە هۆکارەکانییەوە دەبەستێتەوە، یان بە ئەنجامەکانییەوە. گوتاربێژ ئەو ئەرگیومێنتە بۆ هەڵبژاردنی ئەرگیومێنتێکی بەهێز و کاریگەر و بەسوود بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی گوێگری رازییکات بە راستی وتەکانی و دروستی گریمانەکانی. (حمداوی،2020 :127) واتە هەڵسەنگاندنی هۆکار و رووداوەکان لەژێر رۆشنایی ئەو ئەنجامانە دەبێت، کە لە رووداوەکانەوە بەدەستدێن، بۆ نموونە:

(13)-دەستی ماندو لەسەر زگی تێرە.

قسەکەر لەم پەندەدا لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی ئەرگۆمێنتی سوودبەخشی گوێگر لەوە ئاگاداردەکاتەوە، کە ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا هەوڵدەدەن و ماندودەبن، بۆئەوەی پێداویستییەکانی ژیانیان دابینبکەن، ئەمانە سکیان تێردەبێت، بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی کە هەوڵنادەن، خۆیان خێزانەکانیان بە سکی پرسی دەمێننەوە.

### 1-7-1-2-1-3-ئەرگۆمێنتی بەفیرۆدان و قوربانیدان (حجة التبذير والتضحية):

ئەم ئەرگۆمێنتە لەسەر بەردەوامی و پابەندبوون بە هەوڵەکانی پێشوو دامەزراوە، بۆ ئەوەی ئەو هەوڵەی بەدەست هێنراوە بەفیرۆ نەچێت.(طروس،2005 :34) بۆیە پێرلمان بەم شێوەیە وەسفی کردووە: بەو پێیەی ئێمە دەستمان کردووە بە ئەنجامدانی ئەم کارە و هەوڵ و قوربانییەکی زۆرمان لە پێناویدا داوە، ئەگەر تەواوی نەکەین، ئەوا هەوڵەکانمان بەفیرۆدەچێت، بۆیە دەبێت لە ئەنجامدانی کارەکە بەردەوامبین. ( الطلبة،2008: 130) ئەم ئەرگومێنتە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەوەی گوێگرەکە رازییکات، کە بەردەوامبێت لەو کارەی دەستی پێکردووە و تەواوییکات، چونکە رێگایەکی دووری لەو کارەدا بڕیوە و توانا و قوربانی لەو پێناوەدا داوە. (أمقران،2018: 228) مەبەست لەم ئەرگۆمێنتە بەفیرۆنەدانی دەرفەت و وزە و تواناکانە، واتە هاندانی ئەو کەسانەیە، کە بەهرەیەکی تایبەتیان هەیە، بۆ ئەوەی بەردەوامبن لە هەوڵەکانیان، وەک ئەوەی لەم پەندەدا بەدیدەکرێت:

(14)- چاکە بکە و بیدە بە ئاودا .

قسەکەر ئەم پەندە بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی گوێگر هانبدات، تا لەسەر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکانی بەردەوامبێت و درێخی نەکات، هەتا ئەگەر کەسی بەرامبەر منەتیشی پێنەبێت، چونکە چاکەکردن بەفیرۆناچێت و دێتەوە رێگەت.

### 1-7-1-2-1-4-ئەرگۆمێنتی تێپەڕاندن(حجة التجاوز):

ئەم ئەرگۆمێنتە ئاڕاستەی داهاتوو دەکرێ، لە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا، جەخت لەسەر توانای رۆیشتن بەرەو دوورترین خاڵ دەکاتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ سنورێک بکات، یان هیچ سنورێک دیاری بکات، لە رۆیشتن بەم ئاڕاستەیەدا، ئەمەش بەهۆی گەورەیی نرخ و بەهای ئامانجەکەوەیە. واتە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیارکراودا، کەسەکە گرنگی نادات بەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە سەر رێگای، بەڵکو تێیاندەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بەدەستبهێنێت. (محەمەد ئەمین،2022: 191) ئەرگومێنتی تێپەڕاندن، کە ئاراستەی داهاتوو دەکرێ، ئاراستەیەك دەدات بە بیرکردنەوە، وەک: (من ئاسوودەمر و لە جاری داهاتوودا باشتر دەبمر). ئەوەی جێگای سەرنجە شێوازی میانڕەوی و زیادەڕەوی گرنگترین وێنەن، کە پەیوەستن بەم جۆرە ئەرگومێنتەوە. (طروس،2005: 34) کەواتە ئەم ئەرگۆمێنتە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێ و هانیدەدات لە هەوڵ و کۆششەکانی بەردەوامبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بۆ نموونە:

(15)-دوای هەموو ناخۆشییەک، خۆشییە.

کاتێ قسەکەر ئەم پەندە بۆ وەرگر دەهێنێتەوە، کە گوێگر دووچاری نەخۆشی یان ناخۆشی زۆر بوویێتەوە و لە ژیاندا بێ هیوابوویێت، بەڵام قسەکەر بە مەبەستی هاندان و دڵدانەوەی پێیدەڵێت، هەموو ناخۆشییەک کۆتایی دێت، بۆیە لە ژیاندا بێ هیوا مەبە، چونکە دوای هەموو ناخۆشییەک، خۆشی رووتێدەکات.

### 1-7-1-2-1-5-ئەرگۆمێنتی ئاڕاستە:

ئەرگۆمێنتی ئاڕاستەئەو تەکنیکەیە، کە گوتاربێژەکان بەکاریدەهێنن و تێیدا پشت بە شێوازی ئاگادارکردنەوە و ترساندن لە زنجیرەیەک سازش دەبەسترێ، کە گوێگرەکە لە کۆتاییدا بەرەو ئەنجامێک دەبات، کە ئەویش خۆبەدەستەوەدانە. (أمقران،2018: 228) ئینجا بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئاڵانگارییەکان ببینەوە، پەنا دەبەینە بەر ئەرگۆمێنتی ئاڕاستە، کە لەسەر ئاگادارکردنەوە لە بەکارهێنانی شێوازی هەنگاو بە هەنگاو، یان کارکردنی قۆناغ بە قۆناغ لەلایەن ڕکابەرەکانەوە دامەزراوە. ئەمە لە کاتێکدا بەکاردێت، کە دووری نێوان گوێگر و داواکانی گوتاربێژ زۆربێت، بۆیە وا باشترە پلە بەپلە لەیەکتر نزیکببنەوە، بۆ نموونە: لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ لە (أ) ەوە بچێت بۆ (د)، گوتاربێژ لە (أ) ەوە دەیگوازێتەوە بۆ (ب)، لەوێشەوە بۆ(ج)، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بە(د) بگات. (بنو هاشم، 2014: 75) مەبەست

لەم ئەرگۆمێنتە ئاگادارکردنەوەی وەرگرە لە مەترسییەکانی ڕووداوێک و ئەو شکستە هەنگاو بە هەنگاوەی چاوەڕێ دەکرێ لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ببێتەوە، نموونەی ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە لەم پەندەدا بەدیدەکرێت، کە دەڵێت:

**(16)-ئەوە لێلێیە، هێشتا لۆلۆش مایە.**

کاتێ قسەکەر ئەم پەندە بەکاردێنێت، کە هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخێک دەکات، دواتر گوێگر ئاگاداردەکاتەوە لەوەی، ئەگەر لەسەر ئەم ئاڕاستەی کارکردنە بەردەوامبێت، ئەوا دووچاری شکستی گەورەتر دەبێتەوە، هەروەها پێیوایە ئەمە سەرەتای شکستەکەیە و هەنگاوی قورستریشی بەدواد دێت، بۆیە واچاکە ئاگاداری بارودۆخەکەبێت.

### 1-7-1-2-1-2-پەیوەندیی ئامادەبوون( هاوڕێیەتی):

پەیوەندییەکانی ئامادەبوون، پەیوەندییەک لە نێوان ئەو ڕاستییانە دروستدەکات، کە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگەزە جیاوازەکان، بەو پێیەی یەکێکیان وەکو گوزارشت لە دەرکەوتنی ئەوی تر دادەنرێت، وەك پەیوەندی تاك بە کردەوەکانی و ڕەفتارەکانی. (عرابی،2009: 33) ئەم پەیوەندییە چەند ئەرگۆمێنتێکی لەسەر بنیاد دەنرێت، لەوانە: شێوەکانی(جۆرەکانی) پەیوەندی ئامادەبوون، کە ئەمانەن:

### 1-7-1-2-1-2-1-ئەرگۆمێنتی پەیوەندیی تاک بە کردەوەکانی:

قسەکەر هەوڵدەدات وێنەی ئەو کەسە بەباش یان بەخراپ نیشانبدات، بۆ ئەوەی بڕوا بە گوێگر بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش باسی لایەنی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئاینی و سیفەتەکانی کەسەکە دەکات. (حمداوی،2020: 130) چونکە زانستی ڕەوشتناسی و دادگا بڕیار لەسەر کەسەکە و کردەوەکانی بەیەکەوە دەدەن، واتە لەبەر ڕۆشنایی کردەوەکانیدا بڕیار لەسەر کەسەکە دەدەن، بەو پێیەی کردەوەکانی بەشێکە لە کەسایەتی و لێیجیانابنەوە. (صولة،2011: 51) ئەم ئەرگۆمێنتە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات، کە کردارەکان کرۆکی مرۆڤ ئاشکرادەکەن، ئەم ئەرگۆمێنتە بۆ ئامادەکردنی گوێگرە، بۆ ئەوەی ڕازیبێ بەو پەیامانەی لەسەر سیفات و کردەوەکانی کەسەکە کە لە شێوەی ئەنجامی ئەرگۆمێنتی ئاڕاستەی دەکرێ. (محەمەد ئەمین،2022: 194) واتە مەبەستی ئەم ئەرگۆمێنتە وەسفکردنی کەسێک یان شتێکە بە ئەرێنی یان نەرێنی لەڕوانگەی سیفەت و کردەوەکانییەوە، بۆ نموونە:

(17)-دار کە لاربوو، سێبەریشی لاردەبێ.

واتای فەرهەنگی پەندەکە ئەوەیە، ئەگەر دارێک قەدەکەی لاربوو، بێگومان سێبەرەکەشی لاردەبێت، بەڵام واتای شاراوە یان مەبەستی ئەرگۆمێنتی قسەکەر ئەوەیە، کە گوێگر ئاگاداربکاتەوە لەوەی، کە کردار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی کەسێتی مرۆڤەکانن، بۆیە ئەگەر مرۆڤەکان باشبوون، ئەوا کردار و ڕەفتارەکانیشیان باش و جوان دەبن، هاوکات پێچەوانەکەشی هەر ڕاستەوردەچێت.

### 1-7-1-2-1-2-2-ئەرگۆمێنتی دەسەڵات:

زۆرینەی قوتابخانە ڕەوانبێژییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە بەهای گوتنەکان بەزۆری لە دەسەڵات و پێگەی قسەکەرەوە بەدەستدێت. ( الطلبة، 2008: 131) ئەرگۆمێنتی دەسەڵاتیش یەکێکە لەو ئەرگۆمێنتانەی کە هێز و کاریگەرییەکەی لە دەسەڵاتی قسەکەرەوە وەردەگرێت، یاخود قسەکەر بۆچوونەکانی کەسێک یان کۆمەڵێک کەس وەک ئەرگومێنتێک بۆ ڕەوایەتیدان بە پەیامەکەی بەکاردەهێنێت، لە ئەرگومێنتی دەسەڵاتدا زۆر جۆر دەسەڵات هەن، لەوانە: دەسەڵاتی(کۆدەنگی، ڕای گشتی، ڕای زانایان و فەیلەسوفان و پەیامبەران...)، هەروەها دەشێ دەسەڵاتەکان کەسی نەبن، وەک: (بۆچوونێکی زانستی، بیروباوەڕ، ئاین یان کتێبێکی پیرۆز ...). وا باشترە لەم جۆرە ئەرگۆمێنتەدا ئەرگۆمێنتەکان بەناوی کەسەکانەوە بهێنرێنەوە، بە مەرجێک دەسەڵاتی کەسەکان لەو بوارەدا لەلایەن گوێگرانەوە دانپێدانراوبن. (صولة،2011: 52-53) هێز و پێگەی ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە لە ناوبانگ و پلەوپایەی قسەکەر، یان خاوەنی قسەکە و ڕادەی کاریگەرییەکەی لەسەر وەرگر سەرچاوە وەردەگرێت، بۆ نموونە:

**(18)- حکومەت کەروێشک بە عارەبانە دەگرێ.**

دیارە مەبەستی ئەرگۆمێنتی قسەکەر لە هێنانەوەی ئەم پەندە، ئەوەیە کە گوێگر بەو بۆچوونە ڕازیبکات، کە (حکومەت) دەسەڵاتێکی ڕەها و فراوانی هەیە و کەس ناتوانێ لەدەستی ڕابکات، بەڵام بەسەبرە و پەلەناکات، چونکە ڕۆژێک دێت، کەسەکە خۆی ئیشی بەحکومەت دەکەوێ و بەئاسانی دەچێتەوە ژێر دەستی.

### 1-7-1-2-1-2-3- ئەرگۆمێنتی هێما:

پەیوەندییە هێماییەکان وابەستەی پەیوەندی ئامادەبوون و پێکەوەژیانن، بە بڕوای پێرلمان هێما هێزێکی کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە هەیە،کە دان بەبوونی پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو دەنێن، وەک: ئاڵا، کە هێمایە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو، خاچ هیمایە بۆ مەسیحییەت، تەرازو بۆ دادپەروەری ...هتد، (الحباشة،2008: 48) بەڵام بەها و گرنگی ئەرگیومێنتی هێما وابەستەیە بە شوێنی بەکارهێنانی هێماکە، واتە بەو توێژ و ژینگە

کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئاینییەی کە هێماکەی دروستکردووە، بۆیە لە دەرەوەی ئەو سنورە کاریگەری نابێت، (أمقران،2018: 229) واتە بە گۆڕینی دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان هێماکان دەگۆڕێن. ( الدریدی،2008: 236) ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە ڕەهەندێکی عەقڵانی نییە. (صولة، 2011: 54) چونکە گرنگی هێما و ئاماژەکەی بە پچڕانی پەیوەندیی وابەستەیی و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا هەیە، کۆتایی دێت، ئەم پەیوەندییەش پێرلمان ناوی لێناوە پەیوەندیی هاندان، هاوکات هەر ڕەفتارێک بەرامبەر بە هێماکە بکرێت، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هێماکە دەبێت، بۆ نموونە سوتاندنی ئاڵای وڵاتێک بێڕێزییە بەرامبەر بەو وڵاتە و گەلەکەی. (بنو هاشم ،2014: 81) بەگشتی هێما و هێزەکەی لەو پەیوەندییە واتاییەی کە لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا هەیە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە سنوری بەکارهێنانەکەی تایبەتە بەو کۆمەڵگایەی، کە ئەو هێمایەی تێدابەکاردێت، کاتێکیش ڕۆڵی گرنگ لە ڕازیکردن دەبینێت، کە ئاماژە بە یەکێک لەو سومبڵانە بکات، کە جێگای ڕێزە لای گوێگرەکان، هێزە ئەرگۆمێنتییەکەشی لەو کاردانەوە دەرونی و هزرییە وەردەگرێت، کە لەسەر گوێگرەکان دروستیدەکات، بۆ نموونە:

**(19) - لەشێر ترسان عەیب نییە.**

بەو پێیەی شێر هێمای ئازایەتی و دڕندەیی و ترسناکییە، بۆیە مەبەستی ڕاستەقینەی قسەکەر لەم پەندە، ئەوەیە کە ترسان لە شێر شتێکی ئاساییە و بە عەیبە و ترسنۆکی دانانرێ.

### 1-7-1-3- ئەرگۆمێنتی دامەزراندنی بنیادی کەتوار(الحجج المؤسسة لبنية اواقع)

-ئەم ئەرگیومێنتانە لەسەر کەتوار دانامەزرێن، بەڵکو ئەرگۆمێنتەکە کەتوارەکە دادەمەزرێنێت و بنیادی دەنێت، یان لانیکەم تەواوی دەکات و پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان ڕەگەزەکانی ئاشکرادەکات. ( الدریدی،2008: 242) ئەمەش بە دامەزراندنی پەیوەندییەک دەبێت، کە پێشتر لە نێوان توخمەکانی کەتواردا ئاماژەی پێنەکراوە و لە پەیوەندییەکی گونجاودا پێشکەش نەکراوە. ( المغامسی،2016: 88 ) ئەو ئەرگیومێنتانە وادەکەن، کە بتوانرێت پێشینەیەک بسەلمێنرێ، یان یاسایەکی گشتی دابڕێژرێت، یان پێشەنگێک دروست بکرێت. (حمداوی،2020: 134) بۆ ئەوەی قسەکەر بۆ ڕازیکردنی گوێگر بەکاریان بهێنێت. پێرلمان ئەرگۆمێنتی دامەزرێنەری بنیادی کەتواری دابەشکردۆتە سەر دوو جۆر:

### 1-7-1-3- 1- دامەزراندنی کەتوار بە هۆی بارە تایبەتییەکان (تأسيس الواقع بواسطة الحالات الخاصة):

خاڵی دەستپێکی لە بارێکی تایبەتەوە دەبێت، بە مەبەستی گشتاندنی بڕیارێک، دواجار کەتوارێک لەسەر دیاردەیەکی تایبەت دادەمەزرێنێت و فراوانی دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە بارێکی گشتی. (محەمەد ئەمین،2022: 202) ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتانە دەگرێتەوە:

### 1-7-1-3- 1-1- ئەرگۆمێنتی پەند:

ئەرگۆمێنتی پەند بەشداریدەکات لە دامەزراندنی یاسا و ڕێسا و دەستورێکی تایبەت، کە دەمەتەقێ و ناکۆکی لەسەرە، بۆئەوەی ببێتە دەستوور و یاسایەک. (سەرچاوەی پێشوو: 202) کەواتە مەبەست لە پشتبەستن بە پەند وەک ئەرگۆمێنت، دانانی دەستورێکە بۆ سەلماندنی دروستی ئەرگۆمێنتەکە، (الحباشە،2008: 49) تا گوێگر ڕازیببێت بەو بۆچوونەی لەلایەن قسەکەرەوە پێشکەشی دەکرێت. دەکرێ بڵێین پەند بە یەکێک لە بەهێزترین جۆرەکانی ئەرگۆمێنت دادەنرێت، چونکە جگە لەوەی ئەرگۆمێنتێکی ئامادەکراوە، دیالۆگێکی سەرکەوتوو و ڕەزامەندی لایەنەکان و کۆدەنگی کۆمەڵایەتیش دابیندەکات، کە بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگە و بەکارهێنانە فراوانەی کە لەناو خەڵکدا هەیەتی، بۆ نموونە:

**(20)-دار کرمی لەخۆی نەبێ، هەزار ساڵ دەژی.**

قسەکەر کاتێ ئەم پەندە وەکو ئەرگۆمێنت دەهێنێتەوە، کە بیەوێ دەستورێک دابمەزرێنێت، یان ڕاستییەک بۆ وەرگر بسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە، کە هەر کەسێک یان شتێک یان نەتەوەیەک گرفتی لەناوخۆیدا نەبێت، دووچاری کێشە نابێت، بۆیە تەمەنی درێژدەبێت و بەئاسانی لەناو ناچێت.

### 1-7-1-3- 1-2-ئەرگۆمێنت بە نموونە هێنانەوە(المثل=Example ):

ئەرگۆمێنتی نموونە هێنانەوە بۆ پشتگیری و بەهێزکردنی پەیامێک دێت، بەزۆری لەو حالەتانەی کە پێشەکیە ئەرگۆمێنتییەکان بوونیان نەبێت. (صولة،2011: 54) پەیامێکیش بابەتی ناکۆکی نێوان قسەکەر و وەرگرەکە بێت، بۆیە نموونەهێنانەوە لە گوتاردا بۆ پاڵپشتی یان بەهێزکردنی داوایەک، یان بۆ چەسپاندن و دامەزراندنی یاسایەکی تایبەت لە مێشکی ئەو گوێگرەدا بەکاردێت، کە زانیاری پێشینەی لەسەر نموونەکە هەبێت. نموونەکان بریتین لە پێکهاتەیەک کە لە کەتواری ڕابردووەوە وەرگیراون و پاشان لە چوارچێوەی وتەیەکی ئەرگیومێنتی هاوشێوەی ئەو ڕووداوەی نموونەکەی لێوەرگیراوە بۆ ڕازیکردنی گوێگر بەو بۆچوونانەی پێشکەشیدەکرێن بەکاردەهێنرێت، بەمەش نموونەهێنانەوە دەتوانێت بەشداری بکات لە بنیادنانەوە و سەلماندنی پرسێک یان یاسایەکی گشتی، کە ئارگۆمێنتساز هەوڵی فراوانکردن و گشتاندنی دەدات. ( أمقران، 2018: 230) مەرجی بەکارهێنانی نموونە هێنانەوە ئەوەیە، کە قسەکەر هیچ پێشەکییەک یان بەڵگەیەکی تری ڕازیکردن شکنەبات بۆ سەلماندنی ڕاستییەک، هەروەها دەبێت نموونەکە

ڕاستەقینەشبێت، واتە لە ئەزموون و ڕووداوەكانی ژیانەوە سەرچاوەی گرتبێت، لەوەش زیاتر لای وەرگر ناسراوبێت و ڕەنگدانەوەی قوڵی لەسەر هەڵوێست و بیروبۆچوونی هەبێت، بۆ نموونە:

(21)-بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە.

مەبەستی ئاشكرای ئەم پەندە ئەوەیە، كە هەڵگرتنی بەردی گەورە لە شەڕدا نیشانەی ئەوەیە، كە كەسەكە مەبەستی هاوێشتنی نییە، بۆیە بەردی گەورەی هەڵگرتووە، لەپاڵ ئەوەشدا زۆرجار قسەكەر ئەم پەندە بۆ مەبەستێكی ناڕاستەوخۆ بەكاردەهێنێت، كە ئەویش ڕازیكردنی گوێگرە بەو بۆچوونەی، كە دەڵێت: دانی بەڵێنی گەورە و لە توانا بەدەر بەخەڵك لەلایەن كەسائێكەوە، نیشانەی جێبەجێنەكردنە.

**1-7-1-3- 1-3-ئەرگۆمێنتی گەواهیدان (الاستشهاد =Illustration):**

ئەگەر بەكارهێنانی ئەرگۆمێنتی نموونەهێنانەوە لە گوتاردا بۆ پاڵپشتی یان دامەزراندنی دەستور و یاسایەكی دیاریكراوبێت، ئەوا گەواهیدان، (( مەبەستی ڕونكردنەوەی دەستور و یاسەكە و چڕكردنەوەی ئامادەبوونی بیرۆكەكانە لە هزردا، ڕەنگە گەواهیدان ئامرازێكبێت بۆ گۆڕینی یاساكە لەسروشتێكی نابەرجەستەوە بۆ بەرجەستە، یەكێك لەو ئەرگۆمێنتانەش داتای ژمارەییە)).(الحباشة،2008: 49) بە شێوەیەكی گشتی ئەرگۆمێنتی نموونەهێنانەوە پێش دەستوورەكە دەكەوێت و ئەرگۆمێنتی گەواهیدان و ڕوونكردنەوە دوایدەكەوێت. ( صولة، 2011: 55) بەم پێیە گەواهیدان بە یەكێك لە میكانیزمە هەرە گرنگەكان بۆ پشتگیریكردن لە ڕێڕەوی ئارگیومێنتی دادەنرێت، بە مەبەستی بەرگریكردن یان پوچەڵكردنەوەی پەیامێک و بنیادنانی كەتوار بۆ ڕازیكردنی گوێگر بە بیرۆكەی قسەكەر. (حمداوی،2020: 136) لە گەواهیداندا پێشەكییەكی ئەرگۆمێنتی هەیە، بەڵام پێویستی بە گەواهیدان هەیە، ئەم گەواهیدانە بۆ بەهێزكردن و پاڵپشتیكردنی پێشەكییەكە بەكاردێت، كە زۆرجار ئەو پێشەكییە لەشێوەی یاسایەكی ژیان دەخرێتەڕوو. (أبراهيم،2023: 188) ئەرگۆمێنتی گەواهیدان بەپێی بارودۆخی گوتارەكە دەگۆڕێت و چەند جۆرێكی هەیە، لەوانە: گەواهیدان بە پەند، بۆ نموونە :

(22)- هەزار ساڵ بكەی بێگانە پەرستی، دوایی هەر دەهێنێ نوشستی.

ئەم پەندە وەكو بەڵگەیەك وایە، بوونی ژمارەی هەزاریش لە پێكهاتەكەی، بەڵگەكە كاریگەرتر دەكات، بێگومان پەندەكە لە(ئەرگۆمێنت + ئەنجام) پێكهاتووە، قسەكەر دەیەوێ بەهۆی ئەم پەندەوە گوێگر ڕازیبكات، كە ئەنجامی بیگانە پەرستی، جگە لە نوشستی، هیچ دەسكەوتێكی تری نابێت.

**1-7-1-3- 1-4- ئەرگۆمێنتی پێشەنگ (الحجاج بالقدوة):**

ئەرگومێنتی پێشەنگیش هەر یەكێكە لەو حاڵەتە تایبەتانەی، كە لەسەر دامەزراندنی بنیاتی كەتوار دامەزراوە، گوتاربێژ ئەم ئەرگۆمێنتە وەك پێشەنگێك كە خاوەنی بەها كۆمەڵایەتییە دانپێدانراو و ناسراوەكانە بەكاردەهێنێت، (( بۆ ئەوەی لەسەر ڕێباز و ڕێڕەوی پێشەنگەكە بڕۆین و شوێن پێی ئەو هەڵبگرین. چونكە هەموو مرۆڤێك پێشەنگی هەیە، هەموو وڵاتێك پێشەنگی هەیە، هەموو سەردەمێك پێشەنگی خۆی هەیە)) .(صولة، 2011: 55) هاوكات بەكارهێنانی پێشەنگ بەشدارییەكی گەورە لە بە ئەرگۆمێنتكردنی گوتاردا دەكات و وایلێدەكات بەشێوەیەكی بەرفراوان پەسندبكرێت. ( أمقران،2018: 231) گونجاوترین بوار بۆ بەكارهێنانی ئەرگۆمێنتی پێشەنگ، بواری ڕابەرایەتیكردن و ئاراستەكردنی وەرگرە بۆ ڕەوشتێكی دیاریكراو، یان بەرەو دۆخێكی دیاریكراو.( الدريدى،2008: 245) بۆ ئەوەی پێشەنگ ڕۆڵی ئەرگیومێنتی خۆی لە گوتارەكەدا ئەنجامبدات، دەبێت گوتاربێژ هەڵبژاردنەكەی بەپێی بارودۆخی گوێگرەكەی هەڵبژێرێت، ((ئەرگۆمێنتی پێشەنگ وەك ئەرگۆمێنتی دەسەڵات وایە، گریمانە دەكرێت، دەسەڵاتێك هەبێت، كە گەرەنتی ئەو كارە بكات، كە دەبێت ئەنجام بدرێت)).(بنو هاشم،2014: 86) بۆ نموونە:

(23)-بزن بۆ یەك شەویش بێ جێگای خۆی خۆشدەكات.

لەم پەندەدا بزن وەك پێشەنگێك وێناكراوە، بۆیە قسەكەر دەیەوێ گوێگر لەم سیفەتە باشەی بزن ئاگاداربكاتەوە، بۆئەوەی مرۆڤ چاوی لێبكات، سیفەتەكەش ئەوەیە، كە بزن ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش لە شوێنێك مایەوە، شوێنێك بۆ مانەوەی خۆی ڕێكدەخات.

**1-7-1-3- 1-5-ئەرگۆمێنتی پێشەنگی دژ یان پێچەوانە (القدوة معاكس أو مضاد):**

لە بەرامبەر ئەرگۆمێنتی پێشەنگدا دەتوانرێت پێشەنگی دژ بەیارمەتی ئەرگۆمێنتی پێچەوانەی دژ بەكاربهێنرێت، ئەم ئەرگۆمێنتە ئامۆژگارییەكە بۆ ئەوەی پەیڕەوی دۆخەكە نەكەین، بەڵكو دووربكەوینەوە لەو كەسەی كە نوێنەرایەتی پێشەنگی دژ دەكات. ( صولة،2011: 56) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە خەڵكەكە ڕەفتار و هەڵوێستی ئەو پێشەنگەیان بەدڵ نییە، چونكە كاریگەری نەرێنیان لەسەر دروستدەكات، بۆ نموونە:

(24)-بچێتە سەر زێی سیروان، وشكی دەكات.

قسەكەر كاتێ ئەو پەندە دەهێنێتەوە،كە هەوڵدەدا گوێگر ڕازیبكات، كە فلان كەس، كەسێكی بەدبەخت و داماوە، بۆیە ئەگەر دەست بۆ هەر شتێك ببات، یان هەر كارێك بكات، تێیدا سەركەوتوو نابێت.

**1-7-1-3-2- ئەرگۆمێنت بەڕێگەی گونجان و وەكیەكبوون:**

پەند پڕە لەو توخمە ڕەوانبێژیانەی کە دەتوانن کاریگەری لەسەر وەرگر دروستبکەن و ڕازیبکەن بەو بیروبۆچوونانەی کە گوتارەکە هەڵیگرتووە، بۆیە پێیدەگوترێت ڕەوانبێژی قسەکردن(بلاغة الكلام)، کە خۆی لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیروبۆچوون یان هەڵوێستی قسەکەر لەڕێگەی گونجان و وەکیەکبوون دەبینێتەوە. (شكيمة،2019: 73) بە بۆچوونی شارەزایان بە پشتبەستن بە شێوازی ڕەوانبێژی و ڕونبێژی واتا بە شێوەیەکی باشتر دەگات و زیاتر کار لە دەرون دەکات.(الحباشة،2008: 49) واتە پەند خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی دانپێدانراوە، سەرباری ئەوەش بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەانبێژی تێیدا بۆ ئەوەیە بەڵگەکە کاریگەرتر بکات، چونکە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کار لەسەر نزیککردنەوەی واتا لە هەستەوە دەکەن، بەتایبەتیش کاتێ بە شێوەیەکی هونەری بەکاردەهێنرێن، هونەرەکانیش بریتین لە:

**1-7-1-3-2-1-لێکچواندن:**

لێکچواندن دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان دوو وێنەدا، بۆ ئەوەی قسەکەر بتوانێت بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە ئەرگۆمێنت دروستبکات.( الشهري،2004: 497) کەواتە پێویستە قسەکەر لێکچواندن وەك هۆکارێك بۆ دروستکردنی کاریگەری و ڕازیکردن بەکاربهێنێت، چونکە باشترین هۆکارە، کە بەکاردێت بۆ ڕونکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە و نزیککردنەوەی واتای دوو ڕەگەزی جیاواز، بۆ تێگەیاندنی وەرگر بەم جۆرە لێکچواندنە. هەروەها (پێرلمان وتیتیکا) پێیانوایە، لێکچواندن ئامرازی بەڵگەهێنانەوەیە، بۆیە خاوەنی نرخ و بەهایەکی ئەرگۆمێنتییە، نرخ و بەها ئەرگۆمێنتییەکەشی کاتێک دەردەکەوێت، کە دەبینین، لێکچوونێك لە نێوان بنیاد و شێوازی لێکچوونەکە بنیادنراوە. (صولة، ٢٠١١ :٥٦) هێزی ئەرگۆمێنتی لێکچواندن لەوەدایە، کە هەوڵدەدات جێی لێچووەکە لە دڵ و دەروونی وەرگر بکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر بەشێوەیەکی هونەری جوان دەربڕابێت. (أبراهيم ،2023: 191) بنەما سەرەکییەکانی لێکچواندنیش (لێچوو، لەوچوو)ن، (ئەوزار و ڕووی لێکچوون)یش بنەمای لاوەکین، کە دەکرێ باسبکرێن، یان باسنەکرێن، نموونەی ئەرگۆمێنتی لێکچواندن لە پەندی کوردیدا، وەك:

(25)-زمانی دەڵێی خەنجەری دەبانە، نەشیگاتێ هەر دەیبڕێت.

لەم پەندەدا لێکچواندن لە نێوان دوو وێنەدا هەیە، کە ئەوانیش زمان و خەنجەری دەبانن، (زمان) لێچووە، (خەنجەر) لەوچووە، (ئەڵێی) ئامرازە، (تیژی) ڕووی لێکچوونە، بەڵام باس نەکراوە، بێگومان ئامانجی قسەکەر لە هێنانەوەی ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە، زیاتر وروژاندن و کاریگەری دروستکردنە لەسەر گوێگر، بۆئەوەی بەو لێکچواندنە گوێگر ڕازیبکات، کە فلان کەس زمانی وەکو خەنجەری دەبان تیژە، هەموو شتێک دەبڕێت، مەبەستە ئەرگۆمێنتییەکەشی ئەوەیە، کە کەسەکە زمانی هێندە لووس و کاریگەرە، دەتوانێت ڕەزامەندی هەموو گوێگرێک بەدەستبهێنێت.

**1-7-1-3-2-2- خواستن :**

لەڕوانگەی تیۆری ئەرگۆمێنتی ڕەوانبێژی، خواستن پەیوەندی بە مەبەستی قسەکەر و دەوروبەری پەیوەندیکردنەوە هەیە، بۆیە ئامانج لە خواستنی ئەرگۆمێنتی گۆڕانکارییە لەبیر و سۆزی گوێگر، چونکە هەستدەکرێ، کاتێ یەکەکانی زمان بۆ مانایەکی خواستراو بەکاردەهێنرێن، هێزی ئەرگۆمێنتییان زیاتر دەبێت، وەک لەوەی بە مانای ڕاستەقینەی خۆیان بەکاربهێنرێن، کاتێکیش خواستن کاریگەردەبێت، کە لەگەڵ ئەو دەوروبەرە بگونجێ،کە تیایدا بەکاردێت. (الشهري،2004: 295- 296) پێرلمان پێوایە خواستن گواستنەوەی واتایە بە ڕێگایەکی گونجاو، بۆیە بە گواستنەوەی گونجاو ناوی بردووە، کە تێیدا ڕەگەزی لێچوو لە ناو لەوچوودا دەتوێتەوە.(عرابی،2009 :36) خواستن یەکێکە لەو ئامرازە زمانەوانیانەی کە قسەکەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئارگیومێنتییەکەی بەکاری دەهێنێت، کاتێکیش پەنای بۆ دەبات، کە دەزانێت لەڕووی ئارگیومێنتییەوە بەکارهێنانی خواستن کاریگەرترە لە دەربڕینێکی ئاسایی. خواستن بەپێی دەرکەوتنی یەکێ لەبنەما سەرەکییەکانی لێکچواندن (لێچوو و لەوچوو) دەبێتە دوو جۆر:

**1-خواستنی ئاشکرا: لەم جۆرەخواستنەدا (لەوچوو) باسدەکرێ و (لێچوو)لادەبرێ، وەك:**

(26)-مەڕی بێ شوان گورگ دەیخوات.

ئەگەر مەڕ شوانی نەبوو، گورگ بەئاسانی دەیخوات، ئەمە مەبەستی ئاشکرای پەندەکەیە، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی قسەکەر زیاتر ئەوەیە، کە هەر وڵاتێک یان نەتەوەیەک یان خێزانێک سەرۆکێک یان سەرپەرشتیارێکی نەبوو، بەئاسانی داگیردەکرێت. بەگەڕانەوە بۆ مەبەستی قسەکەر، دەتوانین بڵێین: (مەڕ)لەوچووە، ( وڵات، نەتەوە، خێزان)لێچووە، هەروەها(شوان) لەوچووە، (سەرۆک یان سەرپەرشتیار) لێچووە، واتە لێرەدا لەوچوو دەرکەوتووە، بەڵام لێچوو لادراوە، بۆیە ئەم جۆرە خواستنە بە خواستنی ئاشکرا دادەنرێت، دیاریشە قسەکەر ئەم جۆرە دەربڕینەی وەك هۆکارێك بۆ زیادکردنی کاریگەری لەسەر گوێگر و ڕازیکردنی بەبۆچوونەکەی بەکارهێناوە.

2-خواستنی شاراوە(درکاو):لەم جۆرە خواستنەدا(لێچوو)باسدەکرێ و (لەوچوو)لادەبرێ، نیشانەیەکی (لەوچوو)ش دراوە بە(لێچوو)، وەك:

(27)-حەیا کە ڕژا، کۆناکرێتەوە.

(حەیا)لێچووە، (ئاو) لەوچووە، (ڕژان)نیشانەی ئاوە، دراوەتە پاڵ(لێچوو)، لەم پەندەدا (حەیا)بە ئاو چوێنراوە و قسەکەر هەوڵیداوە لەڕێگەی ئەم دەربڕینەوە کاریگەری بخاتەسەر وەرگر و ڕازیبکات بەوەی، کە حەیای مرۆڤ وەکو ئاو وایە، ئەگەر ڕژا جارێکی تر بەدەستنایەتەوە.

**1-7-1-3-2-3-درکە:**

درکە بریتییە لەو دەربڕینەی کە دوو واتا لەخۆبگرێت، یەکێکیان ڕاستەقینەیە و لەڕستەدا دەردەکەوێت، ئەوی تریان مەبەستی قسەکەرە، واتایەکی خوازراوە لە دەربڕینەکە هەڵدەهێنجرێت. (محمد،2020: 68) بەواتایەکی تر درکە دەربڕینی واتایەکە، کە بەوشە دەرنەبڕاوە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە، واتە قسەکەر شتێک دەڵی، بەڵام مەبەستی شتێکی ترە، هەر ئەمەش وایکردووە، ئەم هونەرە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە داڕشتنی پەندە کوردییەکاندا ڕەنگبداتەوە، چونکە بەشێکی زۆری پەندە کوردییەکان دوو واتا لەخۆدەگرن، واتایەکی ڕاستەقینە و واتایەکی شاراوە، بەڵام قسەکەر واتا شاراوەکەی مەبەستە، نەوەک واتا ڕاستەقینەکە، بۆ نموونە:

**(28)-چەمر بێ چەقەڵ نابێ.**

-مەبەستی ڕاستەقینەی پەندەکە دیارە، واتە هیچ چەمێک نییە چەقەڵی تێدانەبێت، بەڵام مەبەستی شاراوەی یان ناڕاستەوخۆی قسەکەر ئەوەیە، کە هیچ کۆمەڵگایەک نییە کەسانی خراپی تێدانەبێت.

**1-7-1-3-2-4- ئەرگۆمێنتی گونجان یان نواندن(التمثيل أو التناسب):**

گونجان یان نواندن لەسەر پەیوەندی دوو ڕەگەزی جیاواز، واتە لێچوو و لەوچوو دادەمەزرێت، ئامانجی دامەزراندنی کەتوارە بە مەبەستی بەهێزکردنی ئەرگۆمێنت. (عرابي،2009: 36-35) وەک دەزانرێت گونجاندن بەڵگەهێنانەوەیە و تایبەتە بە گوتاری ئاسایی، ئەو پەیوەندییە لێکچوونەی لە نێوان گوتار و کەتواردا دروستیدەکات، پێشتر بوونی نەبووە. (حمداوی،2022 :139- 140) بۆ نموونە پەیوەندیی (أ) سەبارەت بە (ب)، وەکو پەیوەندیی (ج) وایە، سەبارەت بە(د)، واتە پەیوەندیی نێوان (أ-ب)، لە پەیوەندیی نێوان (ج-د) دەچێت. کارەکە پەیوەندیی بە بیرکارییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی دیارکراوە بە پەیوەندییەکی تر دەچێت. (محەمەد ئەمین،2022: 222) گونجاندن وەکو تەکنیکی ئەرگۆمێنتی بەکاردێت، چونکە لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای پەیوەندی لێکچوون دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر لێکچوونی پەیوەندییەکان دامەزراوە، ئەگەر ڕووی لێکچوون لەنێوانیاندا عەقڵی بێت، ئەو بابەتە چێژێکی زۆر بە گوێگر دەبەخشێت و وایلێدەکات لەبەرامبەر گریمانە پێشکەشکراوەکەدا خۆی بەدەستەوەبدات، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە وردی ڕووی لێکچوون و جوانی بەڵگەهێنانەوەکەی بەنواندن بۆ دەردەکەوێت، جگە لەمە بەکارهێنانی دروستی نواندنەکە لە پێکهاتەی ئەرگیومێنتیدا، لەتوانایدایە واتایەکی گەورە بەو توخمانە ببەخشێت، کە لەدەرەوەی حاڵەتی نواندنەکە نەیانبووە. ( الطلبة،2008: 132) بەمەش گونجاندن دەبێتەیەکێک لە گرنگترین میکانیزمەکانی ئەرگۆمێنت، کە کەتواری لەگوتاردا پێ بنیاددەنرێت، ئامانجیش لێی دەوڵەمەندکردنی گوتارە لەڕێگەی سەلماندنی ئارگومێنتەکە و دروستکردنی لێکچوونی پەیوەندیی نێوان پێکهاتە و بارودۆخەکان، بەڵام تەکنیکی گونجان پێویستی بە باسکردن و ڕونکردنەوەی بنەماکانی گونجانەکە هەیە لەناو دەقی پەندەکەدا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەگەڵ بنەمای کورتی و پوختی لە داڕشتنی پەندیدا نەگونجێت، بۆیە نموونەی ئەم جۆرە تەکنیکە لە ناوەڕۆکی پەندی کوردیدا زۆر بەدەگمەن بەدیدەکرێت، یەکێک لەو نموونانەش ئەم پەندەیە، کە دەڵێت:

**(29)-هەتا گندۆر گندۆر بوو، خزمێمە گەلەک زۆربوو، گندۆر هاتە بڕانێ، خزم هاتە قڕانێ.**

لەم پەندەدا گونجان لە پەیوەندی زۆربوون و کەمبوون لە نێوان گندۆرە و خزمدا هەیە، بۆیە کاتێ قسەکەر ئەم پەندە بەکاردەهێنێت، کە هەوڵدەدا بەهۆی ئەو لێکچوونەی لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو شتەدا هەیە، وەرگر ڕازیبکات، بەو بۆچوونەی کە خەڵکی بەرژەوەند خوازن، بۆیە لەکاتی خۆشی و هەبوونیدا، خزم و کەس لەدەورت کۆدەبنەوە، بەڵام کاتێ تووشی ناخۆشی و نەبوونی دەبیت، کەس لە دەوربەرت نامێنێت. پەیوەندی نێوان توخمەکانیش بەم شێوەیە:

أ = گندۆرە زۆربوو.        ب = خزم زۆربوو

ج = گندۆرە نەما        د = خزم نەما.

واتە لەم پەندەدا پەیوەندی نێوان توخمەکانی (أ -ب) لەیەکچوونە، چونکە هەردووکیان زۆربوونە، بەهەمان شێوە پەیوەندی نێوان (ج-د) یش لەیەکچوونە، چونکەهەردوکیان کەمبوونە.

**1-7-2- ئەرگۆمێنت بەرێگەی جیاکرنەوە و دابڕین.(الحجج القائمة علی الفصل):**

ڕێگاکانی جیاکردنەوە و دابڕین بریتییە لەو تەکنیکانەی، کە بەکاردێن بۆ جیاکردنەوە و دابڕینی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەیە، ئەو ڕەگەزانەی یەکەیەک پێکدەهێنن و یەک چەمکیان هەیە، دابەشناکرێن، یان بە لایەنی کەمر بەشەکانی بەناویەکداچوون، کەچی هۆکاری ئەرگۆمێنتی وای پێویست کردووە، کە ئەمر جیاکردنەوەیە بکرێت، کە بریتییە لە تێکشکاندن و لێکترازانی ئەو یەکێتییە و یەک چەمکییە و جیاکردنەوە و دابڕینی ڕەگەزەکانی لە یەکتری و گێڕانەوەی بۆ دوانەی ڕووکەش(ڕوخسار = Appearance) و ڕاستی (کەتواری ڕاستەقینە= Reality). ڕوخسار سنووری یەکەمە و ڕاستی و کەتواریش سنووری دووەمە، بەو واتایەی؛ شتەکان، مرۆڤەکان، بوونەوەرەکان، پێدراوەکان، هەموویان دوو سنووریان هەیە. (صولة،٢٠١١: ٦١) ئەو جیاکردنەوەیە لە سروشتدا نییە، بەڵکو بنیادێکی زەینی هەیە و لەسەر بەراوردکردن لە نێوان ئەو ڕەگەزانەی لە یەکتر جیاکراونەتەوە دامەزراوە، ئەمر جیاکردنەوەیە بۆ ئەوەیە، وا لە گوێگر بکات دوو دیمەنی یەک شت ببینن، بۆ بنیادنانی ڕاستی، دیمەنەکانیش بریتین لە:

**-یەکەم: ڕووکەش یان ڕوخسار.**

**دووەم: ڕاستی یان کەتواری ڕاستەقینە.**

دیمەنی یەکەم: ڕوخسار، ڕووکەش و ساختەیە و هەڵخەڵەتێنەرە و یەکەمجار هەستی پێدەکەین و بیرمان بۆ ئەو دەچێت.

دیمەنی دووەم:خودی ڕاستییە، جیاناکرێتەوە، تەنیا بە پەیوەندیی بەیەکەمەوە نەبێت و بە بەراوردکردن نەبێت.(سەرچاوەی پێشوو ،2022: 227) ئامانج لەمر جیاکردنەوەیە ئەوەیە، یەکێک لەو ڕەگەزانەی لەیەکتر جیاکراونەتەوە، لابدات و جەخت لەسەر ئەویتر بکاتەوە. ( الطلبة،٢٠٠٨ :١٣٢-١٣٣) ڕێگاکانی گوزارشتکردن لە ئەرگۆمێنتی جیاکردنەوە لە قسەکردن و گوتاردا ئەمانەن:

١- جیاکردنەوەی چەمکە دوانەییەکان:

ئەمەش بەشێکە لە چەمکە دوانەییەکان: ڕوخسار/ ڕاستی، بیروڕا/ زانست، زانیاری هەستی/ زانیاری عەقڵی، لەش/ ڕۆح، گۆڕاو / نەگۆڕ، کۆ / تاک، مرۆڤی/ خودایی، بۆ نموونە:

(20)-ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە.

مەبەستی قسەکەر لە (کەس)ی یەکەمر ڕوخساری کەسەکەیە، (کەس) دووەمیش کەسیەتی یان ناوەڕۆکی کەسەکەیە، کە پێویستە کەسێکی تێگەیشتوویێت، بۆئەوەی بەیەک ئاماژە، یان وشە تێبگات.

2-هەندێک ڕستەی بەرهەڵستکاری(ئیعترازی): کە هەڵگری بیرۆکەیەکی دژ، یان جەختکردن و دڵنیاکردنە لەسەر ڕستەی پێش خۆی، یان دوای خۆی. وەک:

(31)-زگی تێر ئاگای لە زگی برسی نییە.

3- دانانی هەندێک دەربڕین لە نێوان دوو کەوانە، وەک: من ئەو کاتە "پاڵەوان"بووم.... .(صولة، 2011:62- 63) بەو پێیەی پەند بەرهەمێکی سەرزارییە و لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە نەنووسراوە، بۆیە ئەمر جۆرە تەکنیکانەی تێدا بەکارنەهاتووە.

**1-7-3-ئەرگۆمێنت بە مەزراندنی بەهاکان (الحجج الموظفة للقيم):**

ئەرگۆمێنتساز پشت بە بەهای ئامادەکراو دەبەستێت لەئاڕاستەکردنی ئەرگومێنتەکانی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، یان بۆ ڕازیکردنی گوێگر، بەهاکانیش کۆمەڵێک ڕەوشتن، کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەکۆمەڵ بەدەستیان هێناوە و هێزێکی ڕازیکەریان هەیە. لەوانەیە ئەرگۆمێنتساز لە وتارەکەیدا خۆی بەو بەهایانە پڕچەک بکات، کە کۆمەڵگا دانی پێداناون و کاریگەری لەسەر گوێگرەکان دەبێت و لەڕووی ویژدانی و عەقڵییەوە ڕازیان دەکات. (حمداوی، 2020: 141) لێرەدا قسەکەر بۆ ئەرگۆمێنتەکەی پشت بە بەهایەک دەبەستێت و بە وردی هەڵیدەبژێرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجە ئەرگۆمێنییەکان و مەبەستی وتارەکەی بگونجێت. زۆر جار وتاربێژ بۆچوونێک ڕەتدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەهایەکی داریکراو دژ و پێچەوانەیە، یان داوای هەڵوێست وەرگرتن دەکات بەناوی بەهایەکی دیارکراو، یان لەسەر هەڵوێستێکی دیاریکراو ڕەخنە لە نەیارەکانی دەگرێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ بەهایەک، یان کۆمەڵە بەهایەک دژ و پێچەوانەیە. (الدريدی،2008: 242 ) دەکرێت لەمر نێوەندەدا قسەکەر سود لە بەها گشتییەکان وەربگرێت، کە پەیوەندییان بە هەموو مرۆڤایەتییەوە یان بە گروپێکەوە هەیە، لەوانە؛ خۆشەویستی، چاکە، جوانی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، برایەتی، دادپەروەری....، یان ئەو بەهایانەی تایبەتن بە گروپێک، نموونەی ئەمر جۆرە ئەرگۆمێنە لەمر پەندە کوردییەدا بەدیدەکرێت، کە دەڵێت:

**(32)- ڕاستبە و بەڕێی شێردا برۆ.**

مەبەستی قسەکەر لە هێنانەوەی ئەمر پەندە، دەرخستنی بەهای ڕاستگۆییە بۆ گوێگر، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە کاریگەری بخاتەسەر گوێگر و ڕازیبکات، بەوەی کە مرۆڤی ڕاستگۆ و پاک سەری بەرزە و باکی بە لێپرسینەوە نییە و لە کەس ناترسێت.

**1-7-4- ئەرگۆمێنت بە هەست و سۆز (الحجاج بالعواطف):**

لێرەدا قسەکەر پەنا بۆ بەکارهێنانی هەستەکان دەبات، بۆ ئەوەی سەرنجی کەسانی تر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.(حمداوی،2020: 48) بەم پێیە ئەرگۆمێنتی هەست وسۆز، پشت بە جوڵاندنی و وروژاندنی دەروونی خەڵک و ڕاکێشانی هەست و سۆزی گوێگر دەبەستێ، بۆ ئەوەی وەڵامی داواکاریەکانی بداتەوە، بۆ نموونە:

(33)-خزم ئەگەر گۆشتیشت بخوا، ئێسکت ناشکێنێ

قسەکەر دەیەوێت لەڕێگەی ئەم پەندەوە هەست و سۆزی گوێگر بوروژێنێت و ڕازیبکات، کە خزم ئەگەر خراپیشبێت هەر لە بێگانە باشترە، چونکە هەموو سنورەکانت نابەزێنێت.

**1-1-7-6- ئەنجامی توێژینەوەکە:**

ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەست هاتوون، بریتین لە:

1-هەر پەندێکی پێشینان پەندێک یان ئامۆژگارییەکی لەخۆگرتووە، ئەمەش وایکردووە لەلایەک بە زمانی عەقڵ و ژیری دابنرێ و لەلایەکی تریش کاریگەربێ لە ڕاکێشانی سەرنج و پێکانی مەبەستدا کاریگەربێت، هەر ئەمانەش وایکردووە پەند لە بنەڕەتەوە وەکو ئەرگۆمێنتێکی ئامادەکراوی لۆژیکی کاریگەر بۆ دواندنی عەقڵی وەرگر و ڕازیکردنی بەو پەیامەی پێشکەشی دەکرێت، بەکاربهێنرێت.

2-لەڕووی بونیادەوە بەشێکی زۆر لەپەندی پێشینانی کوردی ڕووداوەکانیان بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕێزکراون، واتە لە (ئەرگۆمێنت + ئەنجام)پێکهاتوون، لە بەشێکی زۆر کەمیشیان بۆ زیاتر کاریگەری دروستکردن و زەقکردنەوەی ئەنجامەکان، ئەنجام پێش ئەرگۆمێنت خراوە، واتە لە (ئەنجام + ئەرگۆمێنت) پێکهاتوون، هاوکات بەشێکی زۆریشیان تەنها لە (ئەرگۆمێنت) پێکهاتوون، واتە ئەنجامەکەیان شاراوەیە و بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان لە پەندەکە هەڵدەهێنجرێن.

3-هەموو ئەو تەکنیکانەی کە پێرلمان وەکو ئەرگۆمێنت پێشنیازی کردوون، لە داڕشتنی پەندی کوردی بەکارهاتوون، جگە لە تەکنیکی دژیەک نەبێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ئەستەمە لەڕووی لۆژیکییەوە لە دوتۆی یەک پەنددا، دوو بۆچوونی دژیەک بەیەکەوە کۆبکرێنەوە.

4-بەو پێیەی تەکنیکی گونجان پێوستی بەڕونکردنەوە و باسکردنی بنەماکانی گونجانەکە هەیە لەنێو خودی دەقەکەدا، ئەمەش لەگەڵ بنەمای کورتی پوختی لەڕۆنانی پەنددا ناگونجێت، بۆیە نموونەی ئەم تەکنیکە زۆر بەدەگمەن لەبونیادی پەندی کوردیدا بەدیدەکرێت.

5-ڕەنگدانەوەی هونەرە ڕەوانبێژییەکانی وەک: (خواستن،لێکچواندن، درکە) لە ڕۆنانی پەندی کوردیدا، جگە لە ڕازاندنەوەی دەربڕینەکان و گەیاندنی واتا بەشێوەیەکی کاریگەرتر، ڕەهەندێکی ئارگیومێنتی بەهێزیشی بە شێوازی داڕشتنی پەندەکان بەخشیوە.

6-زۆربەی ئەو پەندانەی لە تەنها ئەرگۆمێنتێک پێکهاتوون، لە شێوەی درکە دەربڕاون، واتە مەبەستی قسەکەر واتای ڕاستەخۆی پەندەکان نییە، بەڵکو زیاتر ئەو واتا ناڕاستەوخۆیەیە، کە دەکرێ لە بونیادی پەندەکە بەیارمەتی دەوروبەر هەڵێنجرێت.

**سەرچاوەکان:**


**1-بەزمانی کوردی:**

- أبراهيم، محمد عبدالكريم. (٢٠٢٣) ئەرگۆمێنتی وێنەی شیعری لەڕوانگەی خوێنەرەوە. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سەڵاحەدین-کۆلێژی پەروەردە.

-محەمەد ئەمین، یوسف نوری. (٢٠٢٢) ئەرگۆمێنت لە گوتاری ئاینی ئیسلامدا. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان.

**2-بەزمانی عەرەبی:**

-ابراهيم، نبيلة. (2000) أشكال التعبير فى الأدب الشعبي. ط3. القاهرة: دار نور للنشر والتوزيع والطباعة .

-الحباشة، صابر. (2008) التداولية والحجاج، مداخل ونصوص. ط1. سوريا:صفحات للدراسات والنشر.

-الدريدي، سامية. (2008) الحجاج في الشعر العربي القديم من الجاهلية الى القرن الثاني للهجرة، بنيته وأساليبه، ط1. الأردن: عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع.

- الشهري، عبد الهادي بن ظافر. (2004) استراتيجيات الخطاب. الطبعة (1). لبنان:دار الكتاب الجديدة.

-الطلبة، محمد سالم محمد الأمين. (2008) الحجاج في البلاغة المعاصرة. ط1. بيروت،لبنان:دار الكتاب الجديد المتحدة.

- العزاوي، أبوبكر. (٢٠١٠) الخطاب والحجاج، الطبعة الأولى. بيروت: مؤسسة الرحاب الحديثة للطباعة والنشر.

-المغامسي، أمال يوسف. (٢٠١٦) الحجاج في الحديث النبوي. ط1. تونس: دار المتوسطنية للنشر.

-أمقران، شعبان. (2018) تقنيات الحجاج في البلاغة الجديدة عند شاييم بيرلمان، مجلة التعليمية، مجلد(5)، العدد(15)، ص223-236(أونلاين). 1717-ISSN2170 .

-بنو هاشم، الحسين. (٢٠١٤) نظرية الحجاج عند شاييم بيرلمان. ط1. بيروت- لبنان: دار الكتاب الجديد المتحدة.

-بوزايد، عبدالحميد. (2008) البعد الاجتماعي والنفسي فى الادب الشعبي، الجزائر: منشورات بونة للبحوث والدراسات.

-حشاني، عباس. (2014) خطاب الحجاج و التداولية دراسة في نتاج ابن باديس الأدبي، عا لم الكتب الحديث.

-حمداوي، جميل.(2020) أنواع الحجاج ومقوماته، الطبعة الأولى. المملكة المغربية: مطبعة بتطوان .

-شكيمة، محمد. (2019)  أليات الحجاج البلاغية فى المثل الشعبي بوادى سوف، مجلة اشكالات فى اللغة ولأدب، مجلد(8)، عدد(5)، ص64-85 (أونلاين).
ISSN: 2600-6634

-صولة، عبد اللة. (2011) في نظرية الحجاج، دراسات وطتبيقات، ط1. تونس: مسكيليانى للنشر والتوزيع.

-طروس، محمد. (2005) النظرية الحجاجية. ط1. الدار البيضاء :دار الثقافة للنشر والتوزيع.

-عرابي، أمحمد. (2008-2009) البنية الحجاجية فى قصة سيدنا موسى عليه السلام. شهادة الماجستير-جامعة السانية وهران.

- قاسمي، كهينة. (2009) الامثال الشعبية بمنطقة المهير- دراسة تاريخية وصفية. رسالة ماجستير،جامعة مسيلة.

-محمد، بداوي. (2020) الحجاج البلاغى فى الأمثال الجزائرية، مجلة نتائج الفكر (06050 )، ص52-65(اونلاين).
. ISSN 2477-992X

**البعد الحجاجي في بنية الأمثال الكردية**

**فؤاد صالح رشيد**
مديرية التدريب والتطوير التربوي-اربيل, مديرية
العامة لتربية اربيل،وزارة التربية.
**fuadsalhrasheed@gmail.com**

**الملخص**
إن الاهتمام الكبير بإرضاء المستمع، دفع المتكلم إلى اللجوء إلى العديد من العوامل اللغوية وغير اللغوية لتحقيق هدفه، ومن بينها الأمثال التي توجه للمتلقي كجنس أدبي ووحدة لغوية، من هذا المنظور هذا البحث هو محاولة لمناقشة تقنيات الحجاج عند بيرلمان وتيتيكا، وكيفية انعكاسهم في بنية الأمثال الكردية، ثم عدة مواضيع أخرى مثل: البعد الحجاجي للأمثال، شرح تقنيات الحجاج وممارستها على الأمثال الكردية تمت مناقشتها، وأخيراً تم عرض النتائج التي تم الحصول عليها في الدراسة.

**الكلمات المفتاحية:** الأمثال، الحجة، تقنيات الحجة، الفنون البلاغية.

**The Argumentative Dimension in the Structurer of Kurdish Proverbs**

**Fuad Salih Rasheed**

Directorate of Educational Training and Development, General directorate of Education-Hawler, Ministry of Education

fuadsalhrasheed@gmail.com

**Abstract**
The great attention to satisfying the listener has led the speaker to resort to many linguistic and non-linguistic factors to achieve his goal, one of which is proverbs, which are directed to the recipient as a literary genre and an independent language unit From this perspective, this paper is an attempt to discuss the argument techniques of Perlman and Titicaca and how they are reflected in the structure of Kurdish proverbs Then, several other topics such as: the argument dimension of proverbs, explanation of argument techniques and their practice on Kurdish proverbs are discussed, and finally the results obtained in the study are presented.

**Keywords:** Proverbs, Argument, Argument Techniques, Rhetorical arts.